کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم– ژمارە ۴۵۵ –خەزەڵوەری ۱۴۰۳–نۆامبری ۲۰۲۴



## بە یادی هاوڕێ جەعفەر شەفیعی، ڕێبەری شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیست

لە لاپەڕەی ۲



## پیرۆزە ای نۆامبر ڕۆژی جیهانی کۆبانی

ن: حەسەن ڕەحمان پەناه

لە لاپەڕەی ۴




لە لاپەڕەی ۴




لە لاپەڕەی ۵

## سەروتار

### ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات دژ بە سزای لەسێدارەدان

لە سەروبەندی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات دژ بە سزای لەسێدارەدان داین. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی، ڕۆژ نییە چەند کەس لەسێدارەوە نەدرێن. بەجۆرێک کە لە ماوەی حەوت مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا لانیکەم ٣٠٠ کەس لە ئێران لەسێدارە دراون. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٣دا بە لەسێدارەدانی لانیکەم ٨٥٣ کەس، لە ڕیزبەندی یەکەمی جیهاندا بووە. جگە لە کردەوەی جینایەتکارانە و قێزەونی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ئەو پاساوانەش کە بۆ سزای لەسێدارەدان سەبارەت بە دۆسیەی ئەو کەسانەی کە لەلایەن دادگا ئاساییەکانەوە سزا دراون، جگە لە درۆیەکی ئاشکرا هیچی تر نییە. دام و دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بە شێوەیەکی فریوکارانە، دەرکردن و جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان و دابینکردنی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا، پاساو دەکەن. ئەزموونی هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی و تەنانەت ئەزموونی خودی ئێران و ئامار و زانیارییە باوەڕپێکراوەکانیش نیشان دەدەن کە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ناتوانرێت لە ڕێگەی سزای لەسێدارەدان و قەتڵی سیستماتیکی دەوڵەتییەوە، ڕێژەی تاوان کەم بکرێتەوە. مرۆڤەکان هەر لە سەرەتاوە وەک تاوانبار و بکوژ و قاچاخچی و جینایەتکار لەدایک نابن، بەڵکوو سەرەنجام، ئەوە هەلومەرجی ماددی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە بەرەو کرداری تاوانکاری و جینایەتیان دەبات.

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## درێژە ی سەروتار

دەوڵەتەکان و چین و توێژە دەسەڵاتدارەکان ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە ئاست سەپاندنی ئەو دۆخە ماددیانە بەسەر ژیانی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکدا. لە ڕاستیدا ئەو کەسانە شیاوی سزادانن کە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆیان خوڵقاندووە کە دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی دیاردەی تاوانکاریی تیایدا

لەسێدارەدان لە کۆماری ئیسلامیدا هاولفی بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیم و بەردەوام یەکێک بووە لە ئامرازەکانی درێژەدان بە دەسەڵاتەکەی. ئەم ڕێژیمە سزای لەسێدارەدانی وەک توندوتیژییەکی ئاگایانە و ڕێکخراو بەمەبەستی لەناوبردنی نەیارانی سیاسی، نارِازیانی کۆمەڵایەتی و قوربانیانی ئەم نیزامە ستەمکارە سەرمایەدارییە بەکارهێناوە. ئەم تاوانانە سەرەتا بە لەسێدارەدانی بەرپرسانی ڕێژیمی سەڵتەنەتی دەستی پێکرد، بەڵام زۆر زوو لەسێدارەدانی تێکۆشەران و نەیارانی ڕێژیمی ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێرانیش گرتەوە. سەرلەنوێ دەستبەسەرکردنەوە و پاشان لەسێدارەدانی دەیان سیمای ناسراوی ناو زیندانەکانی ساواک کە لە ئاکامی ڕاپەڕینی جەماوەردا ئازاد کرابوون، لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨دا دەستی پێکرد. لەسێدارەدانی خەباتکاران و ڕێبەرانی خەڵکی تورکمان سەحرا لە کاتی نارەزایەتییەکانی بەهاری ساڵی ١٣٥٨، لەسێدارەدانی ڕۆڵە قارەمانەکانی خەڵکی کوردستان دوای فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژ لە شارە جۆراوجۆرەکانی پارێزگای کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، لە لایەن خەڵخاڵی جەلادەوە و بەحوکمی حکوومەتیی و شەرعی خومەینی، لە سێدارەدانی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ڕۆشنبیرانی بەدەروەست و نارِازیی بەرامبەر بە نیزامی ئیسلامی، لە چوارگۆشەی ئێران، لە زومرەی کارنامەی فاشیزمی ئیسلامی هەر لە یەکەم لە مانگەکانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی بوو. حکوومەتی ئیسلامی، لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی شەست بە ئیعدامی بەکۆمەڵ و کوشتاری سەر شەقامەکان و ئەشکەنجەی هۆڤانە لە زیندانەکاندا، شۆڕشی گەلانی ئێرانی کە بە ئامانجی گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی باشتر سەریهەڵدابوو، لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردەوە. کوشتارەکان لە کاتی کۆمەڵکوژ کردنی هەزاران زیندانی، کە لە دوای شکستی کۆماری ئیسلامی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقدا، بەڕێوە چوو، گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و تەنیا لە ماوەی دوو مانگدا، هەزاران زیندانیی لەسێدارەدران. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتی سە ر کو تگە ر ا نە ی خۆیان، بەردەوام سزای لەسێدارەدانیان وەک ئامرازێک بە مەبەستی زاڵکردنی فەزای ترس و تۆقاندن لە ناو خەڵکدا و هەروەها پاراستنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان، بەکارهێناوە. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە، ئاگری ژێر خۆڵەمێشی نەفرەت و بێزاریی جەماوەر دژ بەم ڕێژیمە سەرکوتگەرە هیچ کات خامۆش نەبووە و بڵێسەکانی خەبات و خۆڕاگریی جەماوەر، لە سەرتاسەری وڵات بەردەوام لە گەشانەوەدا بووە

خەبات لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرەدەسێنێت. سەدان زیندانی بوێر و چاونەترس لە زیاتر لە ٢٠ زیندان لە سەرانسەری ئێران، کەمپەینێکیان لەژێر ناوی »سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان« دەستپێکردووە کە ئێستا پێیناوەتە ٣٧مین هەفتەی خۆیەوە. ئەوان هەموو هەفتەیەک لەم ڕۆژەدا مان لە خواردن دەگرن. ناوبانگی بوێری و شێلگیربوونی ئەم زیندانییە سیاسییە خەباتکارانە لە سەرانسەری جیهان دەنگی داوەتەوە. ئامانجی ئەم کەمپەینە، بریتییە لە نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سزای لەسێدارەدان و دژایەتیکردنی وەک سزایەکی نامرۆڤانە و قەرەبوو نەکراوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری تۆمەت یان پاڵنەر و باوەڕی ئەو کەسانەی کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە و هەروەها خواستی هەڵوەشاندنەوەی ئەم سزایە. ژیان مافێکی سروشتی هەر مرۆڤێکە و لەسێدارەدان واتە زەوتکردنی مافی ژیان لە مرۆڤ، هیچ کەسێک بۆی نییە مرۆڤێکی دیکە لەژێر هەر پاساو و بیانوویەکدا لەم مافە سروشتییە بێبەش بکات. لە سێدارەدان نەک هەر دەرفەتی پێداچوونەوە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە خۆیاندا و قەرەبووکردنەوەی هەڵەکانیان لە تاکەکان دەستێنێ، بەڵکوو کۆمەڵگاکان لە ڕێکاری ئینسانی و کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان بێبەش دەکات. لە زۆرێک لە وڵاتەکانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی کە سزای لەسێدارەدان نەک هەر ڕێگری لە تاوان ناکات، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا نادادپەروەری قەرەبوو نەکراوەی لێدەکەوێتەوە. لەمڕووەوە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەبێ هیچ شەرت و مەرجێک و لە هەر هەلومەرجێکدا، دژی سزای لە سێدارەدانە و بەردەوام بە دروشمی «نا بۆ سزای لە سێدارەدان» لەپێناو هەڵوەشاندنەوەیدا خەبات دەکات.

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤**

****

## به یادی هاوڕێ جەعفەر شەفیعی، ڕێبەری شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیست

کاتژمێر شەشی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٦، هاوڕێیەک بەجێی هێشتین کە هێمای ئینسانیی باشترین ڕەهەندەکانی ئارمانی کۆمۆنیستی لەنێو ئێمەدا بوو. لەو ڕۆژەدا دوکتۆر جەعفەر شەفیعی لە ڕێگای کەرکوک بۆ بەغدا بە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەست دا. ڕووداوێکی سەخت و تاڵ و دڵتەزێن بوو بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست و هەروەها بۆ سەرجەم ئەو کرێکار و زەحمەتکێشانەی کە هیوای خۆیان لە بوونی ئەودا بەدی دەکرد و بوونی ئەو متمانەی بە داهاتوویان زیاتر کرد. هاوڕێ جەعفەر شەفیعی، سیمایەکی ناسراوی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران، ڕێبەرێکی خۆشەویستی ناو کرێکاران، هاوڕێیانی حیزبیی و جەماوەری ستەملێکراو و خەباتکاری خەڵکی کوردستان، لە زومرەی ئەو دەگمەن ڕێبەرانە بوو کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەبێ ڕەنجی ساڵانێکی دوور و درێژ لە خەبات و تێکۆشان و گەلێک ئەزموونی سەخت و دژوار تێپەڕێنێت بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەو، لە داوێنی خۆیدا پەروەردە بکات. هاوڕێ جەعفەر شەفیعی، لە ماوەی ساڵانێک خەبات و تێکۆشانی سیاسی لەدژی جەور و ستەمی سەرمایە، لەدژی ڕژێمی شا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها لە ڕێبەریی کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی قورسی لە ئەستۆ بوو، هاوڕێ جەعفەر لە جێگە و پێگە و بەرپرسیارێتییە تەشکیلاتیەکاندا، لە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە سەرنووسەریی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران (رادیۆ کۆمەڵە)، سەرنووسەریی گۆڤار و بڵاوکراوە حیزبییەکان، لە نووسین و وتارەکانیدا، ئەرک و مەئموورییەتە تەشکیلاتییەکان و بە گشتی لە ڕاپەڕاندنی سەرجەم ئەرکە سیاسی و حیزبییەکانیدا، نموونەیەکی بەرجەستە بوو لە کارزانی و فیداکاری و یەکێک بوو لە ئاڵاهەڵگران و پێشڕەوانی شیاو و ماندوونەناسی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە بواری بانگەشە و پەرەپێدانی کۆمۆنیزم، لەقاودان و ئاشکراکردنی فریوکاران و دوژمنانی جەماوەر و چینی کرێکار. دوکتۆر جەعفەر شەفیعی وەک پزیشکێکی شۆڕشگێڕ و یار و یاوەری خەڵکی زەحمەتکێش، ناوبانگ و خۆشەویستییەکی ئەوتۆی بەدەستهێنا کە بەدەستهێنانی هەرگیز کارێکی ئاسان نییە. پەیوەندیی ئەو لەگەڵ خەڵکدا، وەک پزیشکێک بە هیچ شێوەیەک نەدەکرا تەنیا لە

**درێژە لە لاپەڕەی٣**




**درێژە ی لاپەڕەی ٢**

چوارچێوەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ویژدانی پیشەیی دا کورت بکرێتەوە. بە پێچەوانەوە شێوازی ئەو بە تەواوی "ناپیشەیی" بوو. لەم بابەتەشدا وەک شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە خۆی نیشاندا. قورسترین ئەرک و سەردان و چاوەدێری دڵسۆزانە و بێ بەرامبەری بۆ نەخۆشەکان و ئەو چین و توێژە هەژارە بەڕێوە دەبرد کە بەزۆری داوای یارمەتیان لێدەکرد و ئەویش بە دڵ و گیان بە هانایانەوە دەچوو. هاوڕێ جەعفەر شەفیعی لە کار و ئەرکی سیاسیی دا، بە مانای ڕاستەقینەی وشە، بەرهەمی هیچ کارلێکێکی ڕێکخراوەیی نەبوو، هەربۆیە وەسفکردنی ئەو وەک کادرێکی حیزبی، پێناسە و وێنایەکی زۆر ناتەواوە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو. ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە لەگەڵ ژیانی سیاسی ئەو ئاشنان، زۆر باش ئەم ڕاستییە دەزانن. ئەو بەڕادەیەک کار و چالاکیی سیاسی، نفووز و کاریگەریی کۆمەڵایەتی، وزەی خەباتکارانە و هەروەها لێهاتوویی و داهێنان و بیرکردنەوەی سیاسیی لەخۆیدا کۆکردبووەوە کە ئیتر مەحاڵ بوو بە خێرایی تەنانەت لە ئۆرگانی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەدا جێگای خۆی نەکاتەوە، کە هەرواش بوو. لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا ئەم پێوەندییە واقیعییەی لەگەڵدا بوو هاوڕێ جەعفەر بە دڵ و گیان لەپێناو شۆڕشدا کاری دەکرد و ئەو ئەرکەی لە هەر هەلومەرجێکدا بەرەو پێش دەبرد. چ لە جۆش و خرۆشی سەردەمی شۆڕشدا، چ لە هەلومەرجی ژینگەیی ناو کۆمەڵەدا، سەرەڕای بوونی برین لە گەدەی دا و لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی هێرشی نیزامی ڕێژیمی ئیسلامیدا، یان ئەو ماوە کورتەی کە لە ئوروپا ژیانی بەسەر برد، شەو و ڕۆژ بەشێوەیەکی ماندوونەناسانە سەرقاڵی نووسین و خوێندنەوە بوو. وزە و شێلگیرییەکی لەڕادەبەدەر بەهێزی کە بە ئاسانی لە هەموو کەسێکدا بەدی ناکرێت، کارەکتەری ئەوی شکڵ پێدەدا. لەوەی کە ئەگەر لە دەرئەنجامی کارێک ڕازی نەبوایە و تەنانەت ئەگەر پێویست بوایە دە جاریش سەرلەنوێ ئەنجامی بداتەوە، هیچکات ماندوو نەدەبوو و هەموو جارێک بەوپەڕی حەز و تواناوە کاری دەکرد. ئەو هیچ کات لە خوێندنەوە و دیالۆگ و گفتوگۆ لەسەر بابەتە فیکرییەکان



تێر نەدەبوو. هێندە شێلگیر و ماندوونەناسانە کاری دەکرد وەک ئەوەی بزانێت کە دەرفەتێکی زۆری لەبەردەمدا نەماوە. لە هەمان کاتدا ئەوەندە بە هەست و سۆزەوە ژیانی خۆشدەویست و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە چێژی لە بچووکترین هێماکانی ژیان دەبینی، وەک ئەوەی کە هەرگیز بیری لە مردن نەکردەوە. جەعفەر شەفیعی، مارکسیستێکی بەتەواومانا بەدەروەست بوو، بەبێ ئەوەی کە ئەم بابەتە بەلای ئەوەوە بە واتای پشتبەستن بە داتا و زانیارییە ئامادە و بەردەستەکان بێت. ئەو کەسێک بوو کە بەدوای زانیاریدا دەگەڕا، لێکۆڵینەوەی سیاسی و تیۆری و هەروەها ئارەزووی کردنەوەی ئاسۆی نوێ، لەودا بێ کۆتایی بوو. ئەو، هاوشێوەی ئەو ڕەوتەی کە خۆی یەکێک بوو لە باشترین نوێنەرەکانی، ڕێبوارێکی ڕێگای نادیار بوو. سەرەڕای ئەو هەموو پەیوەندییە ناوچەییە بەربڵاوەی کە بووی، بەڵام بەدوور بوو لە ناوچەگەرێتی. لەگەڵ ئەوەی کە خۆی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەدیتەوە، بەڵام تا دەهات چوارچێوەی سۆسیالیزمی ئێرانی بۆخۆی بەرتەسکتر هەست پێدەکرد. هزر و و پەیوەندی فیکریی و هەوڵەکانی، ئەوی هەرچی زیاتر بەرەو بزووتنەوەیەکی جیهانی ڕادەکێشا. هەر لە بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆمەڵە نهێنییە ما ر کسیستییە کا نی سەردەمی شا و سەرەتاییترین پەیوەندییە کرێکارییەکانەوە بگرە تا ئەزموونی دەستبەسەر بوون لە ساواک و زیندانیی سیاسی، لە چالاکییە بەربڵاوە ئاشکراکان و وتارە جەماوەرییەکانی سەردەمی شۆڕشەوە تا گەشتە سیاسییەکان لە کوردستان و بەشداریکردن لە وتووێژ و دانوستانە جۆراوجۆرەکانی کە کۆمەڵە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و لەوانە جارێک لەساڵی ١٣٥٨دا لە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیدا بووی. لە بەرەوپێشبردن و ئاراستەکردنی کاری تەبلیغاتی و ڕاگەیاندنی بەربڵاو و هەروەها تێکۆشانی ماندوونەناسانەی لەم بوارەدا، تا بەشداری لە ڕیزی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی عێراق وەک پزیشکێکی شۆڕشگێڕ لە یەکێک لە دژوارترین بارودۆخەکاندا کە تێیدا بوون، لە بەجێگەیاندنی ئەرک و چالاکییە جۆراوجۆرە حزبییەکانەوە بگرە تا دەگاتە بینینی ڕۆڵی ڕێبەریی لە قۆناغ و بڕیارە جۆراوجۆرەکاندا، دوکتۆر جەعفەر شەفیعی ڕێگایەکی دوورودرێژ و هەمەچەشن و پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕی. ئەگەرچی ئەو ڕێگایەی کە ئەو تێپەڕی کرد، بە هەوێنی بەهێزی سروشت و تایبەتمەندییە کەسییە درەوشاوەکەی ڕەنگ و بۆیەکی تایبەتی بەخۆیەوە گرتبوو، بەڵام لە کۆتاییدا کارنامەی گەشەکردن و پێگەیشتوویی ڕەوتێکی کۆمەڵایەتیی بوو کە لە نموونەیەکی بەرچاودا کورت کرابۆوە ئێمە کۆمۆنیستەکان، گیانبەختکردووان لە خەرمانەیەک لە پیرۆزی خوڕافات یان هەستێکی ڕۆمانسییەوە ناپێچین. بۆ ئێمە مێژووی داهاتوو، زیندووەکان دروستی دەکەن و هەرئێستا لەگەڵ خەبات و تێکۆشانێکی زیندوو و ڕاستەقینە، بە هەموو گرنگییەکییەوە بەرەوڕووین، بەڵام ڕێک هەر لێرەدایە کە سەرلەنوێ یاد و بیرەوەری هاوڕێ جەعفەر شەفیعی بۆ ئێمە زیندوو دەبێتەوە. نەک هەر لەبەرئەوەی کە ئەمڕۆ جێگای ئەو، لەو نەبەردە سەختە و ئاڵەنگارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە لەبەردەم کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستدایە، زۆر خاڵییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا لەبەرئەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە لە نێو ئێمەدا دەیانەوێت خۆیان لە هەناوی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ستەملێکراوانی کۆمەڵگادا ببیننەوە، هەموو ئەو کەسانەی کە ئامانجیان بریتی بووە لەوەی کە بە هەموو تواناوە بەشدارییەکی جددی لەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەدا بکەن، بە حەق ڕێز لە یەکێک لە شەریفترین و شێلگیرترین تێکۆشەری ئەم ڕێبازە دەگرن و لەوەش گرنگتر، ئیلهامی لێ وەردەگرن

**یادی بەرز و بەڕێز بێ و ڕێبازی بەردەوام**

****

# پیرۆزە ای نۆامبر ڕۆژی جیهانی کۆبانی



**ن: حەسەن ڕەحمان پەناه**

ڕۆژی هەینی ١ی نۆامبر ڕۆژی جیهانی کۆبانی بوو. کۆبانێ بوو بە سەنگەرێک، ڕۆژێک و مێژوویەک، کە نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە هەموو جیهانیش دەنگی دایەوە و ستایش کرا کۆبانی بە چەند تایبەتمەندی و پێناسە لە ئاستی کوردستان، ناوچەکە و جیهان دەناسرێتەوە

**١**– شکست و ڕامالینی دلڕەقترین، جینایتکارترین و کۆنەپارێزترین هێزی ئەم سەردەمە، واتە خەلافەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش) کە لەشکری نیزامیی دوو دەوڵەتی لە زۆر ناوچەی عێراق و سوریە شکست پێ هێنا. بەڵام لە کۆبانی و پاش سێ مانگ شەڕی پڕ لە قارەمانێتی، فیداکاری و گیانبازی شەڕڤانەکانی ژن و پیاو، لمبۆزیان لە خاک دەرا و شکستیان خوارد

**٢**–خۆڕاگریی پڕ لە فیداکاری کۆبانی، سەرەتای دەست پێکردنی شکست و دارمانی هێز و ورەی مرۆڤکوژەکانی داعش لە هەموو بەرەکانی شەڕ لە عێراق و سورییە بوو

**٣**–مقاومەت و خۆڕاگریی کۆبانی، بڕوا بەخۆبوون، بە ڕاوەستان و تەسلیم نەبوونی لە بەرامبەر دڕەندەترین هێزی بێ ڕەحم کە دەوڵەتانی زلهێز و کۆنەپەرەستی ناوچەکەیشی لە پشت بوو مومکن و لە بێ هیوای بە خۆڕاگریی بە جیهانی نیشاندا

**۴**– جینایەت و تاوانەکانی "داعش " و دەنگدانەوەی جیهانی لە لایەک و خۆڕاگریی و بەرخۆدانی کۆبانی و شکستی "داعش"، وەها دەنگدانەوە و کاریگەری جیهانیی دانا کە بیروڕای جیهانی ورووژاند و شەقامی دەیان وڵاتی کردە گۆڕەپانی دەنگهەڵبرینی جەماوەری ناڕازی و ئازادیخۆاز و بە هانای کۆبانییەوە هاتن و زلهێزەکانیشیان ناچار بە هەڵوێستگرتن دژ بە داعش کرد

**۵**– سەدان شەڕڤان و قارەمانی شۆڕشگێڕ و ئەنترناسیونالٚ لە گۆشە و کەناری جیهانەوە هاتنە کۆبانی و دیفاعیان لە ئازادی و مرۆڤایەتی کرد و دەیان کەسیان گیانیانبەختکرد و نیشانیاندا مرۆڤایەتی، سنوور، زمان، نەتەوە، ئایین و جنسییەت ناناسێ و سەرکەوتن

**۶**–سەرئەنجام و خاڵی هەرە گرنگ، دەور و نەخشی ژنانی خۆڕاگر، قارەمان و شەڕڤان لە کۆبانی دژ بە هێزێکی تا سەر ئێسقان کۆنەپەرەست، پیاوسالار، ئاینی و دژە ژن بوو کە بە هاوخەباتی و هاوسەنگەریی پیاوانی ئازادیخواز، بەردی بناخەی "داعش"یان هەڵوەشانەوە و جێگە و پێگەی ژنیان لە بەرامبەر دژە ژنەکان بە جیهان و بە تایبەت وڵاتانی ئێسلام لێدراو، بە هەموان نیشاندا و بۆ چەندمین جار سەلمەندیان

**پیرۆز بێت ای نۆامبر ڕۆژی جیهانی کۆبانی**

****





# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە هێرشی ئاسمانی دڕندانەی ئەرتەشی تورکیە بۆسەر ناوچەکانی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا

هێرشە ئاسمانییە دڕندانەکانی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر ناوچەکانی نیشتەجێبوون و کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا (ڕۆژئاوا) و ناوچەی شەنگال لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە. لەم هێرشانەدا کە لە سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممەوە دەستپێکردووە، تا ئێستا دەیان کەس لە خەڵکی بێ دیفاع کوژراون و ژمارەیەکی زۆریش بریندابوون. شوێنی نیشتەجێبوونی مەدەنی، کارگەکانی بیناسازی، وێستگەکانی ئاو و کارەبا، قوتابخانە، نەخۆشخانە، پاڵاوگە و کارخانەکان لە زومرەی ئامانجی بۆردومانەکان بوون. ئەرتەشی تورکیە هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی هێرشەکانی لە ڕۆژئاوا، بە دەستدرێژیکردنە سەر خاکی کوردستانی عێراق و دامەزراندنی دەیان بنکەی سەربازیی لە قووڵایی ناوچەکەدا و هەروەها بە بۆردومانی بەردەوامی ئەم ناوچەیە، ماڵ و حاڵی خەڵک وێران دەکات، باخ و زەوی و زاری کشتوکاڵی لەناو دەبات و ئارامیی و ئەمنییەتی لە خەڵک زەوت کردووە. بەجۆرێک کە هەر ئێستا بەشێکی زۆری ناوچەی باکووری کوردستان لەلایەن ئەرتەشی تورکیەوە داگیرکراوە و ئەرتەشی تورکیە بەمەبەستی مانەوە و جێگیربوونی لەو ناوچانە، دەیان بنکەی نوێی دامەزراندووە و هەزاران سەربازی تێدا جێگیر کردووە ئامانجی دەوڵەتی تورکیە لەم کوشتارە لە کوردستانی سوریا کە تادێت مەودا و چڕییەکەی زیاتر دەبێت، بریتییە لە کۆچ پێکردنی زۆرەملێی خەڵک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دێموکراتیک و جێبەجێکردنی سیاسەتی شۆڤێنیستی گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە. سەبارەت بە شنگال لە کوردستانی عێراقیش کە تا ئێستا چەندین جار کەوتووەتە بەر هێرشی وەحشیانەی هاوشێوە و ڕۆژی ڕابردوو ١٦ شوێنی نیشتەجێبوون بۆردومان کراوە، گوشار خستنەسەر ئاوارەکانی نیشتەجێی کەمپی مەخموور و لە هەمان کاتدا کارکردنە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بەمەبەستی زاڵکردنەوەی سەرلەنوێیکۆنترۆڵی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر ئەم ناوچەیەدا

ئەم هێرشانە لە دۆخێکدا بەڕێوە دەچێت کە دەوڵەت و حیزبە سیاسییە ڕەگەزپەرستەکانی تورکیە بەمەبەستی لەناوبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و عەداڵەتخوازانەی خەڵکی کورد، بە شێوەیەکی ڕیاکارانە لە پەرلەمان"پەیامی ئاشتەوایی" ڕادەگەیەنن و هاوکات سیاسەتی کوشتار و سەرکوتی خۆیان لە دژی خەڵکی کورد جێبەجێ دەکەن. دەوڵەتی تورکیە پێی وایە کە بە فریوکاری و هاوکات ئەنجامدانی جینایەتی لەم چەشنە، دەتوانێت خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکات و ڕێگریی بکات لە بەدواداچوونی ویست و داواکارییە ڕەوا و مافخوازانەکانیان کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ئەو هێرشە دڕندانەیە بە توندی ئیدانە دەکات و هاوەدەنگ لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە، خوازیاری کۆتاییهێنان بە دەستدرێژیەکانی دەوڵەتی ئەردۆغان و حیزبەکەی لە دژی خەڵکی کوردستانە

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**۴ی خەزەڵوەری ١۴٠٣**
**٢۵ی ئۆکتۆبری ٢٠٢۴**

****

# ڕێپێوانی سەربەخۆی جەماوەری خەڵکی ئێران لەپێناو ڕزگاربوونیان لە ستەم و سەرەڕۆیی ئایینی

## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)




**١-** وەڵامدانەوەی ئیسرائیل لە دۆخی بنبەستی سیاسیدا: دوای مانگێک لە شەڕی دەروونی، بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە پێنجی خەزەڵوەر بەرامبەر بە ٢٦ی ئۆکتۆبر، فڕۆکە و مووشەکەکانی ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر بەشێک لە ناوەندە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی. سەرەڕای ئیدیعاکانی هەردوولایان، هێشتا پانتایی و زەرەر و زیانەکانی ئەم هێرشە بە ڕوونی دیارنییە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم هێرشە لەگەڵ ئیدیعاکانی نەتانیاهۆ و وەزیری شەڕی ئیسرائیل و ئاستی چاوەڕوانی پڕۆژە وەرگرە ئێرانییەکانی خزمەتکاری ئیسرائیل نایەتەوە. وا پێدەچێت کە گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر دەوڵەتی ئیسرائیل بەمەبەستی سنووردارکردنی مەودای ململانێکان لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا، کاریگەر بووبێت. دۆخێکی لەو شێوەیە ئیمکانی ئەوە بە ڕێژیمی ئیسلامی دەدات، کە بە وەدواخستنی هێرشی نوێ لەدژی ئیسرائیل تا دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، ئاستی گرژییەکان کەم بکاتەوە. ئەوەی کە ئیسرائیل ناچار بووە هێرشەکانی لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەمریکادا ڕابگرێت، پتر لە هەموو شتێک پەیوەندی بە دۆخی خۆی لە بەرەکانی دیکەی شەڕەوە هەیە. ئەم بابەتە بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەو ڕاستییەش ئاشکرا دەکات کە ئەمریکا سەرەڕای ئیدیعای مرۆڤدۆست بوونی، دەیتوانی کاریگەری لەسەر سیاسەتی جینۆسایدی ئیسرائیل لە غەززە و وێرانکردنی تەواوەتی ئەو ناوچەیە هەبێ و دەوڵەتی نەتانیاهۆ ناچار بە قبووڵکردنی گەڵاڵە پێشنیارییەکانی ئاگربەستی خۆی و دەوڵەتەکانی قەتەر و میسر بکات، بەڵام بە کردەوە، دەستی دەوڵەتی ئیسرائیلی لە جینۆسایدی غەززەدا ئاواڵە کردووە

**٢-** کۆماری ئیسلامی لەسەر دووڕێیانی وەڵامدانەوە یان وەڵامنەدانەوەدا: هێرشی فڕۆکە و مووشەکەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە نیزامییەکان لە سێ شاری ئێران، کۆماری ئیسلامیشی خستووەتە دۆخێکی ئاڵۆزەوە. ئاشکرایە کە کاردانەوە سەرەتاییەکانی ڕژیمی جینایەتکاری ئیسلامی، بریتی بوو لە کەم کاریگەر نیشاندانی ئەو هێرشانە و شکستی ئیدیعاکانی گالانت و نەتانیاهۆ. بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕاگەیاندنی ئەرکانی گشتیی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەردووکیان جەختیان لەسەر کەم کاریگەر نیشاندانی ئەو هێرشانە و شکست پێهێنانی و هەروەها لەسەر مافی ڕەوای خۆیان بۆ دیفاع لەخۆ لە بەرامبەر دەستدرێژییەکاندا کردووەتەوە. بەڵام لە پشت ئەم هەڵوێستە دیپلۆماسیانەوە، ناکۆکی و جیاوازی بیروڕای جیددی لە نێوان بەرپرسانی وڵاتدا لەئارادایە. لە نێو دەسەڵاتداراندا دوو ڕەوتی ئاشکرا لەم پێوەندییەدا ڕیزبەندییان کردووە. یەکەم، لایەنگرانی خۆشکردنی ئاگری ئەو شەڕە، خەریکی هاندان و وروژاندنی لایەنگرەکانی خۆیانن. ئەوان سنووورداربوونی هێرشەکان بە نیشانەی لاوازیی دەوڵەتی ئیسرائیل و کۆتایی ئەم ڕژێمە دەزانن و هەوڵ دەدەن هێزە بنکەییەکانی خۆیان بە ئاراستەی شەڕکردن هانبدەن. چاوخشاندنێک بەسەر بابەت و هەڵوێستی ڕۆژنامەکانی "کەیهان" و "وەتەنی ئیمروز" و "کارناسان"ی میدیا حکوومی و نیمچە حکوومییەکان، ئەم سیاسەتە بە ڕوونی دەردەخات. ئەم باڵە، بە پشتبەستن بە کۆنترۆڵی تەواو بەسەر میدیای پان و بەرینی ڕادیۆ و تەلەوزیۆن، بە زاڵبوون بەسەر زۆرێک لە سەرچاوە داراییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و نفووز و کاریگەریی لەناو ڕیزەکانی سەرەوەی سپا و هێزی ئینتیزامی و بەسیج، لە هێز و دەسەڵاتێکی زۆر بەهرەمەندە و تەنانەت هەندێک جار دەتوانێت هاوکێشە سیاسییەکانی ناو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش بگۆڕێت. دووەم، باڵی لایەنگرانی دەوڵەت کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە میانڕەو و ڕیفۆرمخوازانی ڕاست پێکهاتووە، بە کردەوە خوازیاری دامرکاندنی بڵێسەکانی شەڕ و سیاسەتی پاشەکشە لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندایە. لایەنگرانی دەوڵەت ئەو ڕاستییە دەزانن کە دەسەڵاتی ئیسلامی بەهۆی نارەزایەتییە ناوخۆییەکان و پێوەندییە ناسەقامگیرە دەرەکییەکان و هەروەها لاوازبوونی هێزەکانی ناسراو بە بەرەی خۆڕاگریی، ناتوانێت بچێتە نێو شەڕێکی بە تەواو ماناوە، لەمڕووەوە هەوڵدەدەن بە ڕێگریکردن

درێژە لە لاپەڕەی٦

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست باش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

درێژە ی لاپەڕەی ٥

لە شەڕ، هێزەکانی بەرەی خۆڕاگریی لەو دۆخە نالەبارەی کە تێیکەوتوون دەربهێنن و پەیوەندییەکان لەگەڵ دراوسێکان و وڵاتەکانی ئورووپا و تەنانەت ئەمریکاش پەرە پێدەن و کۆتایی بە پەراوێزکەوتنی کۆماری ئیسلامی بهێنن و هەروەها بە کەمکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی سزاکان، گوشارە ئابوورییەکان سووکتر بکەن. ئێستا ئیتر ئاشکرایە کە بەهۆی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی سزاکانی یەکێتیی ئورووپا و ئەمریکا، تەنانەت پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان لەگەڵ چین و هیندستان و وڵاتەکانی دیکەش لەگەڵ کێشەی جیددی بەرەوڕوو دەبێتەوە. گەشتە دیپلۆماسییەکانی عەباس عەراقچی لە وڵاتانی ناوچەکە بەر لە هێرشەکانی ئیسرائیل، پێشێلکرانی سەروەریی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە، ئیدانەی ئەو وڵاتانەی بەدواوە بووە. ئەمە خاڵێکە کە بەردەوام لەلایەن شرۆڤەکارانی لایەنگری ئەو بۆچوونەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە. وا پێدەچێت کە بەرپرسانی حکوومەت و شەخسی وەلی فەقیش بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە " شەڕئەنگێزییەکانی ڕژێمی زایۆنیستی نابێت نە گەورە بکرێتەوە و نە بچووک نیشان بدرێت"، دەیانەوێت بڵێسەی ئاگری شەڕ تارادەیەک دامرکێننەوە و لەم ئامرازە بۆ پەرەپێدانی دەنوستانە دیپلۆماسییەکان کەڵک وەربگرن. ئامانجی دیپلۆماسیەتی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە گرێدانی کاردانەوەکانی خۆی بە پێشهاتە سیاسییەکانی شەڕی غەززە و لوبنانەوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە ئیمکانی هاوسۆزی ژمارەیەکی زیاتر لە وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی بەدەست بهێنێت

**٣- خەڵکی ئێران چاودێرێکی چالاک و سەربەخۆ:** کاردانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەک سەرەکیترین هێزی کاریگەر لە پێشهاتەکان بەرامبەر بە هێرشەکانی ئیسرائیل و کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی لە ئاست ئەو هێرشانە، هەڵگری گەلێک وانەی بەنرخ و جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە. لە ڕوانگەی خەڵکەوە ئەم شەڕە، شەڕی ئەوان نییە. کاردانەوە سەرەتاییەکان دەریانخستووە کە لەم شەڕەدا، خەڵک نە لایەنی ڕێژیمی جینایەتکاری ئیسلامی دەگرن و نە دەکەونە ژێر کاریگەری تەبلیغاتی بێهودە و پڕوپووچی ئەو ڕژێمە و نە پشتیوانی لە هێزە دەسەڵاتخواز و منداڵ کوژەکانی ئیسرائیل دەکەن. زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران نە، کەوتنە ژێر کاریگەری تەبلیغاتی شەڕخوازانەی دەسەڵاتی ئیسلامی کە دەستی سوورە بە خوێنی منداڵان، لاوان، خوێندکاران، نەتەوە ستەملێکراوەکان و کرێکاران و زەحمەتکێشان و نە هیچ گرنگییەکیان دا بە پەیامە فریکارانە و بێشەرمانەکەی نەتانیاهۆ، بەڵکوو تەنیا توانی دڵی پڕۆژە وەرگرە بەکرێگیراوەکان خۆش بکات. گرنگی پێنەدانی خەڵک بە تەبلیغاتی شەڕخوازانە، بێباکییان بەرامبەر بە هێرشەکانی ئیسرائیل و پاراستنی هێمنیی خۆیان لەم دۆخە نەخوازراوەدا، پەیامێکی زۆر ڕوون و ئاشکرای پێیە. کە بریتییە لە

**یەکەم:** خەڵکی ئێران خوازیاری شەڕێکی کۆنەپەرستانەی لەو شێوەیە نین و پشتیوانی لە کردەوەی شەڕخوازانەی ئەم دوو هێزە ئاینییە ڕادیکاڵە، یەکێکیان بە ناوی ئیسلام و ئەوی دیکەیان بە ناوی یەهودییەتی توندڕەو، ناکەن. دەسەڵاتی ئیسلامی بە باشی لەم پەیامە تێگەیشتووە. دەسەڵات لەوە تێگەیشتووە کە ناتوانێت لە ئەگەری دروستبوونی شەڕێکی ناوچەییدا، لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران حیساب بکات

**دووەم:** خەڵکی ئێران کە شۆڕشێکی فەرهەنگیی شکۆداریان دەستپێکردووە، شۆڕشێکی کە بە باوەڕ بە هێزە پێشڕەو و پێشکە و تنخو ا ز ە کا نی هەڵقوڵاو لە هەناوی کۆمەڵگا و پشتبەستوو بە ئیرادەی ڕزگاری بەخشی ئەوان و ویست و داخوازی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان و ئاڕاستە جنسییەکانی تر، مامۆستایان، خوێندکاران و نەتەوە ستەملێکراوەکانی بەهێز کردووە و لە سەر بەستێنی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، لە بنەڕەتدا بە تێڕوانینێکی زۆر نیگەتیڤەوە سەیری دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان دەکەن. ئەوان ڕۆڵی زلهێزە ئیمپریالیستییەکانیان لە هەوڵدان بۆ بەلاڕێدا بردنی شۆڕشەکەیان و هەروەها ئاکامی دروشمە درۆینەکانی داگیرکەرانی دوێنێ و هێزە هەژموونخوازەکانی ئەمڕۆیان لە ئەفغانستان، عێراق، لیبی، یوگۆسلاڤی، یەمەن و سوریا بینیوە و هەرهێشتاش شاهیدی جینایەتەکانی ئەرتەشی ئیسرائیلن لە غەززە و لوبنان. لەمڕووەوە ناتوانرێت ئەم خەڵکە فریو بدرێن

**سێهەم:** خەڵکی ئێران لەم ڕەوتەدا هەرچی زیاتر سروشت و ناوەڕۆکی هێزە ئۆپۆزسیۆنە ڕاستڕەوە بەکرێگیراو و وابەستە بە زلهێزە دەرەکییەکانیان ناسیوە. هێزە پێشڕەو و پێشکەوتنخوازەکان زۆر باش دەزانن کە هێزە ڕاستڕەوەکان تەنیا بە دوای شکڵپێدان بە فۆرمێک لە دەسەڵاتی نوێی هاوشێوەی حکوومەتی ئیسلامییەوەن. هەندێک جار جیاوازییەکەیان تەنیا لە شێخ یان شا و ڕادەی وابەستەبوونیاندایە بەو زلهێزانەی کە حەقدەست دەدەن بەم دیکتاتۆرە بچووکانە. بێ ئومێدی و سەرلێشێواوی بەرچاوی هێزەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی سەڵتەنەتخواز و موجاهدین لە دوای هێرشەکانی ئیسرائیل، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە. ئەم وشیارییە جەماوەرییە، ئیمکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕێکخراوبوونی سەربەخۆی خۆیان و پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی هێزی جەماوەریی، هەرچی زیاتر پەرە پێدەدات

**٤- کردەوەی چەکدارانە لەدژی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی":** هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە پێنجی خەزەڵوەردا، هێزەکانی جەیش ئەلعەدل هێرشیان کردە سەر ئوتۆمبێلی گەشتی هێزی ئینتیزامی لە گەوهەر کوهی سەر بە شاری تەفتان لە بەلوچستان و ١٠ کەسیان کوشت و چەک و چۆڵەکانیان لەگەڵ خۆیان برد و لە ڕێگای ڕاگەیاندنێکەوە ئەم هێرشەیان بە "پشتیوانی لە بەلووچە موسڵمانە ستەملێکراوەکان" ناوبرد. ئەوەی کە لە هەموو شتێک گرنگترە، ئەوەیە کە کردەوەی چەکداریی لە بنەڕەتدا لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی مەدەنی خەڵکی بەلوچستاندا نییە. کردەوەی ئەم تاقمە، بە ئاشکرا ئیمکانی ئەوە دەدات بە هێزە ئەمنییەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کە سیاسەتە ئەمنییەتییەکانی بەشێوەیەکی توندوتیژ و وەحشیانەتر لە ناوچەکەدا بەڕێوە ببات. واقیعییەت ئەوەیە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەی مەدەنی خەڵکی بەلوچستان وەک یەکێک لە سەرەکیترین و شێلگیرترین بەرگریکارانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" هەڵسوکەوتی کردووە و توانیویەتی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی ئەم پارێزگایە و سەرتاسەری ئێران بەهێزتر بکات. بەڵام ئاشکرایە کە کردەوە چەکدارییەکانی جیا لە جەماوەری جەیش ئەلعەدل، نەک هەر لە بەرژەوەندی ئەم هاوپشتییەدا نەبووە، بەڵکوو بە ئاراستەی لەباربردنیدا بووە

**٥- بودجە لەسەر بەستێنی دارمانی ئابووریی:** دەوڵەت و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەوڵدەدەن قەیرانە ئابوورییەکەیان کۆنترۆڵ بکەن. هەوڵی دەسەڵات بۆ پەیوەستبوون بە بریکس و گەورەتر نیشاندانی ڕۆڵی ئەو هاوپەیمانییە لە ئاکامەکەی، تەنیا بەمانای خۆفریودان و خۆڵکردنە چاوی خەڵکە. واقیعییەت ئەوەیە لە هەلومەرجێکدا کە ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکانی وەک چین، ڕووسیا، هیندستان، برزیل، ئەفریقای باشوور و تورکیە، لە هەوڵی دروستکردنی جەمسەرێکی ئابووریی نوێدان و ئابووریی وڵاتە عەرەبیەکانی کەناری باشووری کەنداوی فارس، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە کارلێکە ئابوورییە جیهانییەکاندا، ئابووری ئێران تەنانەت لە نێو وڵاتەکانی ناوچەکەشدا بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە. کۆماری ئیسلامی بە ئابوورییەکی دارماو و قەیران لێدراو و لەژێر گەمارۆیەکی لەڕادەبەدەر، هەوڵدەدات بە خۆ هەڵواسین بە بریکس و زلهێزە ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکانەوە، جێگە و پێگەیەک بۆ بوونی خۆی لە جیهاندا بەدەست بهێنێت. بەڵام پرسی سزاکان تەنانەت ئەم هەوڵەشی لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردووەتەوە. ئابوورییەکی کە نە توانایی فرۆشتنی نەوتی هەیە، نە خاوەن بەرهەمێکی ناوخۆیی ئەوتۆیە کە توانایی ڕکابەرێتی جیهانی هەبێت، نە ئاڵوگۆڕێکی ئابووریی متمانەپێکراوی لەگەڵ وڵاتانی دیکە ڕێکخستووە و نە توانایی دابینکردنی پێد ا و یستییە کا نی خەڵکەکەی هەیە، چۆن دەتوانێت ڕکابەریی ئابووری وڵاتانێکی وەک چین، برزیل، ئەفریقای باشوور و تەنانەت تورکیا بکات؟ لە دۆخێکی ئابووری نەخوازراوی و جێگەی داخی لەوشێوەیەدا، دارشتنی بودجەی ساڵی ١٤٠٤، پتر لەوەی کە هەوڵێک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی وڵات، بریتییە لە پۆلێنبەندی ڕانتی ئۆرگان و دامەزراوە مشەخۆرەکان. واقیعییەت ئەوەیە کە بەشی هەرەزۆری ئابووری وڵات، واتە ٦٠٪ی، لەبەر دەست دامودەزگاکانی بەیتی ڕێبەریدایە. ئەم دامەزراوانە لە ڕیزبەندی خەرجییەکاندا، جێگەیەکی دیاریکراویان هەیە، بەڵام لە ڕیزبەندی داهات و باجدا هیچ جێگەیەکیان نییە. لە ٤٠٪ی باقی ئابووری وڵاتیشدا، ڕیزبەندی ئاستی خەرجی دامەزراوە ئا یینی - مشە خۆ ر ە کا ن ئەوەندە لەسەرەوەیە کە هیچ بوارێک بۆ بودجەی پەروەردە و تەندروستی ناهێڵێتەوە. ئێستا کە زۆرینەی پارلمان بەدەست نوێنەرانی باڵە لەڕادەبەدەر کۆنەپەرستەکانی سەر بە دامەزراوە مەزهەبی و ئایینییەکانەوەیە، ئەو بودجەیەی کە لە پارلمانەوە دەردەچێت، بە پشتبەستن

درێژە لە لاپەڕەی ٧

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا
@Komalamedia
@Komala

ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
Tvkomala.com

ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام
Payaam.net

ماڵپەڕە حیزبیەکان
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

درێژە ی لاپەڕەی ٦

بە باج وەرگرتن لە خەڵک و دەستبردن بۆ سندووقی یەدەگی دراو و فرۆشتنی موڵک وماڵی گشتی بە کەسانی نزیک لەخۆیان و هەروەها بە تایبەتکردنی شیرکەتە دەوڵەتییەکان، بە ئەگەرێکی زۆر بودجەی دامەزراوە ئایینییەکان دەبێت. واقیعییەت ئەوەیە کە بەبێ تێکشاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و کۆتایی هێنان بە ڕۆڵی دامەزراوە ئایینییە مشەخۆرەکان و هەروەها پشتبەستن بە سیاسەتی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنەوەی ئابووریی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی زۆرینەی ڕەهای خەڵک، دەربازبوون لەو بنبەستەی ئێستا مەحاڵە و ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەش جگە لە دابەشکردنی موڵک و ماڵی بە تاڵانبراوی خەڵک بەسەر داروودەستەی سەر بە دەسەلات و دامودەزگا بێکەڵکە ئایینییەکاندا، هیچی تر نابێت.

**٦-** چڕکردنەوەی سەرکوت وەک تاکە ئامرازی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی لەگەڵ بزووتنەوەی ژینا: لەم کەشوهەوا شەڕ لێدراوەی ئێستادا، بەهۆی پەراوێزکەوتنی هەمەلایەنەی ڕێژیم لەلایەن خەڵکەوە، دارمانی ئابووریی و لە هەمان کاتدا، بەردەوامیی بەشێنەیی و بەڵام بێ پسانەوەی بزووتنەوەی لە خوارەوە لە مەیدانی نافەرمانی مەدەنیی جەماوەریی ژنان لە دژی حیجابی ئیجباری، نارەزایەتی لە ناوەندەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەسەندنی ڕۆژانەی بزووتنەوە داواکاریی تەوەرەکان و گەلێک نارەزایەتی تر، تەنیا ئامرازی ڕێژیم بۆ پاراستن و مانەوەی دەسەڵاتەکەی، بریتییە لە سەرکوتی هەڵسووڕاوانی سیاسی، پیشەیی، مەدەنی، فەرهەنگی، ئەدەبی و هونەریی و هەروەها پەرەسەندنی لەسێدارەدان بەمەبەستی زاڵکردنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن. ئێعدامی جینایەتکارانەی جەمشید شارمەهد کە چوار ساڵ لەمەوبەر لە دوبەی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕفێندرا، نوێترین بەڵام نەک دوایین حاڵەتە لە بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدانی نامرۆڤانە لەپێناو پاراستنی ڕژێمێکدا کە لە گێژاوی قەیرانە ئاڵۆز و چارەهەڵگرەکاندا گەیشتووتە لێواری دارمان.

پێویستە وەک هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە تاکە ڕێگەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخی کۆماری ئیسلامی و سەرەنجام بنیاتنانی کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای ئازادی و دێموکراسی و سۆسیالیزم، بریتییە لە یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوون

**٧-** دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ڕێکخستنی جەماوەریی و لە خوارەوە: پێشڕەوی هەنگاو بە هەنگاو و بەردەوامی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر، چ لە بواری ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکاندا و چ لە بواری بزووتنەوە داواکاریی تەوەرەکان، نیشانەی بەهێزبوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەوپێش دەچێت. نارەزایەتی بەردەوامی کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران، مامۆستایان و خوێندکاران، بە کۆمەڵێک ویست و داخوازیی ڕوون و دروشمی دیاریکراوەوە، ئێستا بووەتە ڕووداوێکی ڕۆژانە. واقیعییەت ئەوەیە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ ئابوورییەکی دارماو و ناهاوسەنگییەکی بەربڵاو لە زۆر بواردا بەرەوڕووە، ناتوانێت وەڵامی ویست و داواکارییەکانی خەڵک بداتەوە. ئەم بابەتە بووەتە هۆی بەهێزبوونی بەردەوامی بزووتنەوە داواکاریی تەوەرەکان. ئێستا کە ئۆپۆزسیۆنی ڕاست بەتەواوی ڕسوا بووە، ئێستا کە خەنەی ڕیفۆرمخوازان ڕەنگی نەماوە، لە کاتێکدا کە بێبنەما بوونی ئیدیعای بەناو پشتیوانی لە ستەملێکراوان، لەلایەن دەسەڵاتەوە، بە تەواوی ئاشکرا بووە، باشترین دەرفەت ڕەخساوە بۆ ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ، لە خوارەوە و پشتبەستوو بە کادرە جەماوەرییەکانی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئێستا کاتی ئەوەیە کە سەرجەم بەشەکانی بزووتنەوە کۆ مە ڵا یە تییە کا ن بکەونەخۆ بەمەبەستی پێکهێنانی ڕێکخراوەی پیشەیی و سەربەخۆ و ئەم ڕێکخراوە پیشەییە سەربەخۆیانە بەرەو لێکنزیکبوونەوە و لێک هەڵپێکرانی زیاتر ئاراستە بکەن و لە هێزی خۆیان، شەپۆلێکی بەرین بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان پێک بهێنن. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو هێزە پێشڕەو و چەپ و ڕادیکاڵانەی بزووتنەوەکە، کە ئازادییە سیاسییە بێ شەرت و مەرجەکان، بە مەرجی پێگەیشتوویی سیاسی کۆمەڵگا دەزانن، پێویستی ڕێکخستنی جەماوەریی خەڵک بە ئەرکی هەستیاری خۆیان دەزانن، باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و مافی بێ ئەملاو ئەولای ئەوان بۆ دیاریکردنی پێکهاتە سیاسییەکانی هێزی جەماوەریی لەلایەن سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکەوە هەیە و هەر چەشنە پاتێرنالیزم و باوک ڕەفتارییەک ڕەتدەکەنەوە، باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی وڵات و پێویستی یەکگرتوویی دڵخوازانە هەیە و هەروەها لەپێناو مافی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی وڵات بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، نەتەوە، زمان و کولتوور، خەبات دەکەن، بەرەو لێکنزیکبوونەوەی هەرچی زیاتر بەرەوپێش بچن و لەپێناو پێکهێنانی جەمسەرێکی بەهێزی چەپی سۆسیالیستی دا هەنگاوی کۆنکرێتی و ڕوون هەڵبگرن. نابێت ئەم دەرفەتە مێژووییە لەدەست بدرێت

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**
**سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**
**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**
**هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر) و**
**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**چوارشەممە ٩ی خەزەڵوەری ١٤٠٣ / ٣٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤**

****

## بارودۆخی کەمئەندامان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

ئیلنا یەکێک لە ئاژانسە هەواڵییە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕاپۆرتێکی ناخهەژێنی سەبارەت بە دۆخی کەمئەندامان لە ئێران بڵاوکردووەتەوە. ئەم ڕاپۆرتە دەرخەری ئەوپەڕی هەڵاواردن، نادادپەروەری و وەحشیگەرییە بەرامبەر بە کەمئەندامانی ئێران. کۆلیوەند نوێنەری خانەنشینانی کەمئەندام و چالاکی پیشەیی مافەکانی کەمئەندامان، لە وەڵامی پەیامنێری ئیلنادا دەڵێت: نزیکەی دوو ملیۆن کەمئەندامان هەیە کە لەلای ڕێکخراوی بێهزیستی وڵات تۆمارکراون. لەو ژمارەیە بەشێکی بەرچاویان خانەنشین یان لە تەمەنی بەساڵاچووندان. بۆ نموونە "مافی پەرستاری" بۆ گیانبازانی شەڕ، کە هەڵبەت مافی خۆیانە، دەرماڵەی مانگانەی ٢٢ ملیۆن تمەن، بەڵام ئەم دەرماڵەیە بۆ کەمئەندامانی زۆر سەختی تۆمارکراو لە بێهزیستی، کە لە زومرەی گیانبازانی شەڕ نین، تەنیا دوو ملیۆن و ٢٠٠ هەزار تمەن لەخۆدەگرێت، کە بە کردەوە لەسەدا دەی ئەو یارمەتییەیە و هیچ جێگایەک ناگرێت. ئێمە دەڵێین کە زۆرێک لە کەمئەندامەکانی ئێمە گیانبازی شەڕ نین، بەڵام ئەوانیش مافێکیان لەم کۆمەڵگایەدا هەیە. ناوبراو وێڕای ئاماژە بە کێشە و گرفتە پزیشکییەکانی خانەنشینان لەم بوارەدا، وتی: تێچووی کەمئەندامی، دوو سێ ئەوەندەی خەڵکی ئاساییە. تێچووی پزیشکی و دەوا و دەرمانی ئێمە ئێجگار لەسەرەوەیە ئەو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "هەندێک لە هاوڕێ کەمئەندامەکانمان، لەم ساڵانەی ڕابردوودا لەلای دیوانی دادپەروەریی ئیداریی توانییان دەنگ بەدەست بهێنن". خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بێهزیستی، خەریکی تۆمارکردنی نارەزایەتییە لەدژی ئەو دەنگە، بۆ ئەوەی تەنانەت ئەو بڕە یارمەتییە بێ بایەخ و جێگەی شەرمەزارییەش نەدات! ئەمە ئیتر زۆر سەیر و سەمەرەیە. ئەوە لە کاتێکدایە کە هێشتا لەلایەن کەمئەندامانەوە هیچ بڕەیارمەتییەک بە بەدەستهێنانی ئەم دەنگە، وەرنەگیراوە. جگە لەو گرفتانەی کە کۆلیوەند ئاماژەیان پێدەکات، کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دیکەش هەن کە ژیانی کەمئەندامانی ئێرانی زۆر دژوار کردووە. کێشەی گواستنەوە و هاتوچۆی ناو شار و دەرەوەی شار بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتی تایبەت بۆ کەمئەندامان لەسەر ڕێگا و شەقام و شوێنە گشتییەکان، کێشەی کارکردن، بەهۆی نەبوونی یاسا بۆ پاراستنیان، هەڵسووکەوتی نەشیاو لەگەڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەهۆی نەبوونی وشیاریی پێویست، لەبەرچاونەگرتنی بەهرە و تواناکانی کەمئەندامان، بۆ ئەوەی بە بەکارهێنانیان بتوانن ژیانێکی لەنوێ دەستپێبکەنەوە و هەست بە ناتەواویی نەکەن و نەبنە بارگرانی بۆ ئەم و ئەو، کێشەی ئابووریی سەرچاوەگرتوو لە نەبوونی کاری گونجاو و هەندێکجاریش تێچووی قورسی تایبەت بە بارودۆخی ژیان، کێشە و گرفتەکانی خوێندن، لەوانە نەبوونی ئیمکاناتی پێویست لە قوتابخانە و زانکۆکان و هەروەها کێشەی هاوسەرگیری و هتد. چۆنیەتی هەڵسووکەوتکردن لەگەڵ کەمئەندامان، پێوەری هەڵسەنگاندنی سیستەمە دەسەڵاتدارەکانی جیهانە. لە ئاڵمانی سەردەمی هیتلەر و لە ڕژێمە فاشیستەکاندا، ئەم بەشە لە کۆمەڵگا کە خاوەن پێداویستی تایبەت بوون، لەگەڵ ئینکاری و سەرکوت و تەنانەت مەرگیش بەرەوڕوو دەبوونەوە. لەو ڕووەوە کە ئایین هۆکارگەلێکی لۆژیکی و زانستی نییە بۆ ئەم بەشە لە خەڵک، ئەو جۆرە کەمبوون و بێ توانایییە لە بواری جەستەیی و دەروونی مرۆڤەکاندا دەگەڕێنێتەوە بۆ ویست و ئیرادەی خودا و تەنانەت لە شرۆڤە و لێکدانەوەکاندا، بە جۆرێک لە پاداشتی کرداری نەکردەی ئەو مرۆڤانەی ناو دەبەن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا ئاماری ڕاستەقینە لە ژمارەی کەمئەندامان هەرگیز بڵاو نەکراوەتەوە. ئامارە فەرمییەکان تەنیا ئەو ژمارەیە لە کەمئەندامان دەگرێتەوە کە لەژێر چاودێری ڕێکخراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدان، کە نزیکەی یەک لەسەر دەی ئامارە ڕاستەقینەکانە. ئاماری ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەریدەخەن کە نزیکەی ١٢٪ی دانیشتووانی ئێران کەمئەندامن و ساڵانە زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس بە ژمارەی کەمئەندامانەوە زیاد دەبێت. حکوومەت و کۆمەڵگا و بنەماڵە سێ پایە و بناغەی سەرەکین لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو بەشەی خەڵک کە خاوەن پێداویستی تایبەتن. حکوومەت بەرپرسیاری سەرەکییە لە دابینکردنی پێداویستی تایبەت بۆ ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگا کە پێویستییان بە چاودێری زیاتر و تایبەتی تر هەیە و هەروەها دابینکردنی کار، پەروەردە، دەرمان، بیمەی هاتوچۆی تەواو و شوێنی نیشتەجێبوونی کەمئەندامان دەبێت لە ئەولەوییەتدا بێت. کۆمەڵگایەک کە تێیدا مافی مرۆڤ بە فەرمی دەناسرێ و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ تیایدا دەستەبەر دەکرێت، لەگەڵ کەمئەندامان، وەک باقی هاوڵاتیان هەڵسووکەوت دەکات و کاردانەوەی جددی و گونجاوی دەبێت بەرامبەر بە هەرچەشنە هەڵاواردن و سووکایەتی پێکردنێک. بنەماڵەش یەکێکە لە گرینگترین چاوگەکانی بە فەرمی ناسینی کەمئەندامان یان ژێرپێنان و ئینکاری پێویستبوونی ئەو جۆرە پێداویستییە تایبەتانە. کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی کە تیایدا کەمئەندامان تەنانەت لەو لانیکەمانەی کۆمەڵگەی ئێرانیش بێبەشن. هەژاریی و بێکاریی، نەبوونی خزمەتگوزاریی دەوڵەتی بۆ کەمئەندامان، ٤٥ ساڵ داگیرکاری نیزامی و تەقینەوەی مین و تەقەکردن لە کۆڵبەران و هتد، بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی تووشی گرفتی دەروونی و جەستەیی کردووە. ڕێژیمی ئیسلامی نە لە کوردستان و نە لە سەرتاسەری ئێران ئامادە نییە بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر بە کەمئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە قبوڵ بکات. بە لێبڕین و کەمکردنەوەی بەشێکی بچووک لەو تێچووە زۆر و زەوەندانەی کە لەپێناو میلیتاریزم، سەرکوتی جەماوەر، تێرۆریزم و دەستێوەردانی کۆنەپەرستانەی لە دەرەوەی سنوورەکان، دەتوانرێت ژیانێکی ئینسانی بۆ کەمئەندامان دابین بکرێت، بابەتێک کە دابینکردنی، دەبێ یەکێک بێت لە ئەولەوییەتەکانی ئەو دەسەڵاتەی کە لە ئاکامی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیدا دێتە ئاراوە

****




# کوردستانی شۆڕشگێڕ دڕکی چاوی کۆماری ئیسلامی

بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵی ئیسنا، عەلی فەدەوی جێگری فەرماندەی سپای پاسداران، ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی خەزەڵوەر لە زانکۆی سەنعەتی شەریف، بە بۆنەیساڵیادی داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە لایەن خوێندکارە کۆنەپەرستەکانی پەیڕەوی خەتی ئیمامەوە، وتارێکی پێشکەش کرد. سەرجەم قسەکانی ئەو سپاییە وەک هەمیشە بریتی بوو لە شێواندن و چەواشەکردنی ڕاستییەکان. ناوبراو لە بەشێکی قسەکانیدا ئیدیعای ئەوەی کرد کە داگیرکردنی باڵوێزخانەکە هەنگاوێکی سەرکەوتووانە بوو و ئەمریکا نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ لەبەرامبەریدا هیچ کاردانەوەیەکی هەبێت، هەربۆیە بەوتەی ناوبراو لە ڕێگەی گرووپە چەکدارەکانی، لە کوردستانەوە هێرشەکانی لە دژی کۆماری ئیسلامی دەستپێکردووە. ناوبراو زۆر ناشارەزایانە دەستپێکی ئەم هێرشە ساختەیەی ئەمریکای لە ڕێگەی کوردستانەوە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، گەڕاندەوە بۆ بەرواری ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٥٨. بەڵام مێژووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی کوردستان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا، ئەوەندە ڕوون و بەڵگەمەندن کە هیچ بوارێک بۆ وڕێنە و چەواشەکاریی کەسانی هاوشێوەی ئەم سوپاییە کۆنەپەرستە ناهێڵێتەوە. مێژووی ڕاستەقینە پێمان دەڵێت کە: نەک هەر لە کوردستانەوە هێرش نەکرایە سەر ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەوە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بوو، کە لە ڕێگەی دارودەستە و تاقمە بەکرێگراوە خۆجێییەکانی و بە هاوکاری دوایین پاشماوەکانی ڕژێمی شا لە پادگانی سنە و مەهابادەوە، دەستیاندایە کوشتاری بەکۆمەڵی ئەو خەڵکەی کە لەسەر گەیشتن بە ئامانجی دروشمەکانی سەردەمی شۆڕشی دژە پاشایەتی، کە بریتی بوون لە ئازادی و ئەمنییەت و ژیانێکی باشتر، داکۆکیان دەکرد. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لەسەر بەستێنی بارودۆخێکی کە لە ئاکامی شۆڕشی ١٣٥٧دا پێکهاتبوو، سەرقاڵی ڕێکخستنی ئۆرگانە خۆجێیەکانی خۆیان بوون بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیان و بەدیهێنانی ویست و داواکارییەکانیان، کاتێک لەگەڵ هێرشی دڕندانەی ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، بەرەوڕوو بوونەوە. لە بەرامبەر ئاوا هێرشێکدا بوو کە خەڵکی کوردستان بە مەبەستی بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانیان و دیفاع لە ڕێز و کەرامەتی خۆیان و هەروەها دیفاع لە بوونی خۆیان، دەستان بۆ چەک برد. مەگەر کەس هەیە نەورۆزی خوێناوی سنە و جینایەتەکانی پادگانی ئەم شارەیان کە کۆماری ئیسلامی لە ڕژێمی شاوە بە میرات پێیگەیشتبوو، لەبیر کردبێ؟ مەگەر کەس هەیە ئێعدامە بەکۆمەڵەکانی خەڵخاڵی جەلادی لە شارەکانی کوردستان لەبیر کردبێت، تاوانی ئەو گیانانە چی بوو کە لەلایەن خەڵخاڵیەوە و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خومەینی، ئەستێندران، جگە لەوەی کە، شانبەشانی جەماوەری خەباتکار لە سەرتاسەری ئێران، دەستیاندابووە چەککردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی شا، جگە لەوەی کە دەستیانکردبوو بە ڕێکخستن و بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جەماوەریی لەخوارەوە. جگە لەوەی کە خەڵکیان لە شۆڕای گەڕەکەکان، شۆڕای کرێکاران و ژنان و جوتیارانی هەژار و کرێکارانی گوندەکاندا ڕێکدەخست. جگە لەوەی کە کەشێکی دێموکراتیکی ئەوتۆیان لە کوردستاندا خوڵقاندبوو کە گەنج و لاوەکان پۆل پۆل لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە دەهاتن بۆ ئەم ناوچەیە بۆ ئەوەی لە ئەزموونی خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستان وانە وەربگرن و هەناسەیەک بە ئازادی بکێشن. ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، ڕێک ئەو کەش و هەوایەی بۆ تەحەمول نەدەکرا و ترسی ئەوەی هەبوو کە ببێتە مۆدێلێک بۆ بەشەکانی دیکەی ئێرانیش ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە هەر لە سبەی ڕۆژی دوای ڕووخانی ڕژێمی شاوە، بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی وەک "مەکتەبی قورئان" و دامەزراندنی شۆڕاکانی عەشایەر و چەکدارکردنیان، لە هەوڵی ئامادەکاریدا بوو بۆ بەرەوڕووبوونەوەی چەکدارانە لەگەڵ جەماوەری ڕزگاربوو لە دەست ستەم و سەرەڕۆیی پاشایەتی. لەو ڕۆژانەدا، بە پێچەوانەی ئیدیعای فەدەویی پاسدار، ئەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بوو کە لە درێژەی کۆنفرانسی گوادلۆپ و لە سازشێکی نهێنیدا لەگەڵ بەرپرسانی ڕەوتی ئیسلامی و بە ڕاوێژ لەگەڵ ژنراڵ هایزەر، نێردەی تایبەتی جیمی کارتێر، سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئەمریکا، بەپەلە ئەرتەشی دژە خەڵکی شاهەنشاهی، ساواک، پۆلیس و دام و دەزگاکانی بیرۆکراسی، ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرد بۆ ئەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکان و نەیارانی حکوومەتی نوێ سەرکوت بکەن. ڕژیمی نوێ، بەر لە هێرش بۆ سەر کوردستان بە فەتوای خومەینی، هێرشی بۆسەر ژنان، خوێندکاران و خەڵکی مافخواز لە خوزستان و تورکمان سەحرا و کرێکاران لە ئیسفەهان و بەندەر ئەنزەلی، دەستپێکردبوو. هیچ کەس ئەو فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان لەبیر نەکردووە، کە نیوەڕۆی ٢٨ی خەرمانانی ١٣٥٨ لە ڕادیۆی تارانەوە بڵاو کرایەوە. فەتوایەک کە تیایدا بە مەبەستی هاندانی لایەنگرەکانی، بە ئەنقەست و بە درۆ وتبووی کە کۆمۆنیستەکان لە کوردستان ژنانی موسڵمانیان بەدیل گرتووە و بردوویانن بۆ مزگەوتی جامعە و ئاگریان لە خەرمان و دەغڵ و دانی جووتیارانی ناوچەکە بەرداوە و زۆر درۆ و چەواشەکاری تری لەم چەشنە

خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان لە بەرامبەر پڕوپاگەندە و فەتوایەکی ئاوادا بوو کە چەکیان هەڵگرت و لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا هێزە داگیرکەرەکانیان ناچار بە قبوولکردنی ئاگربەست کرد. دوای ئەوەش بە پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، نەک ڕێگای درێژەدان بە شەڕ، بەڵکوو ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆیان گرتەبەر. لەو وتوویژانەدا نوێنەرانی خەڵکی کوردستان خوازیاری مافە سەرەتایی و دێموکراتیکەکانی خۆیان بوون، لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە وەک یەکێک لەلایەنەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، دەبوو دابینکردنی ئەو مافانە یەکێک بوایە لە دەرەنجامە سەرەتایی و خێراکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی شا. بەڵام ئامانجی کۆماری ئیسلامی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە و ئاشتیانە نەبوو، بەڵکوو دانوستانەکانی بەکارهێنا بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی و خۆئامادەکردن بۆ هێرشێکی نوێ و هەروەها دوبەرەکی دروستکردن لە نێوان هێز و لایەنەکانی کوردستان و بۆ جاری دووەم لە چەند مێحوەرێکەوە هێرشی بۆسەر کوردستان دەستپێکردەوە. ێشتریش لە کاتی خەبات و تێکۆشان بەمەبەستی دەرکردنی پاسداران لە شارەکانی سنە و مەریوان، خەڵک / لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕێگای خەباتی مەدەنی و دانوستانی ئاشتیانەیان گرتبووە بەر. بۆ نموونە ەکرێ ئاماژە بە مانگرتن لە خواردنی خەڵکی سنە لەناو مزگەوتی جامعەی شار و کۆچی مێژوویی ەڵکی مەریوان بکەین کە بەشێکن لە لاپەڕە درەوشاوەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان. ناتوانرێ مێژوو بە وتەی پاسدارێکی دواکەوتوو پێچەوانەوە نیشان بدرێت. ئەوە ئەمریکا نەبوو کە لە کوردستانەوە هێرشی کردەسەر کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە هێرشی کردە سەر کۆمەڵانی خەڵکی مافخواز و ئاشتیخوازی کوردستان ئەوەی بە کورتی ئاماژەی پێکرا، دەریدەخات کە چۆن سپاییەکی نەخوێندەوار و جینایەتکاری وەک فەدەوی، مێژوو چەواشە دەکات بۆ ئەوەی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی پێ پاساو بکات. کوردستانی شۆڕشگێڕ لە ماوەی ٤٥ ساڵ خۆڕاگرییدا، هەرگیز لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لە ئێران و لە کوردستاندا هاوتەریب نەبووە. ئەمرۆ کوردستانی شۆڕشگێڕ چاوگەی ئاخێزی ڕزگاریبەخشی "ژن، ژیان، ئازادی"یە. ئاخێزێکی کە هاوکات لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی هاوچارەنووس لە سەرانسەری ئێران، وێڕای ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، بەرەو گەیشتن بە ئامانجە بەدینەهاتوو و پێشێلکراوەکانی شۆڕشی ١٣٥٧، هەنگاو دەنێت

****

# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کچانی منداڵ

ڕۆژی هەینی ١١ی ئۆکتۆبر بەرامبەر بە ٢٠ی ڕەزبەر، ڕۆژی جیهانیی کچانی منداڵ یان کچانی کەم تەمەن بوو. بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکانی یونیسێف کە لە ١٢٠ وڵاتدا بەڕێوە چووە، لە هەر هەشت کچ لە جیهاندا یەکێکیان بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵی لەگەڵ توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی بەرەوڕوو بووەتەوە. ٣٧٠ ملیۆن کچ و ژنی خوار تەمەنی یاسایی لە سەرانسەری جیهاندا بوونەتە قوربانی ئەم دیاردەیە. بە وتەی یونیسێف، ئەگەر توندوتیژی سێکسی، زارەکی یان ئەو هێرشانەش لەبەرچاو بگرین کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕوودەدەن، ئەوا لە هەر پێنج کچ لە سەرانسەری جیهاندا یەکێکیان کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەم کردەوە دژە ئینسانییەوە. بەپێی ئامارەکانی یونیسێف، توندوتیژی سێکسی لەدژی کچان بە هەندێک جیاوازییەوە لە سەرجەم وڵات و فەرهەنگەکاندا ڕوودەدات. ژمارەی قوربانیانی توندوتیژی جنسی بەتایبەتی لە ناوچە شەڕلێدراو و قەیرانییەکاندا گەلێک زیاترە. بەیاننامەکەی یونیسێف ئەو جینایەتە بەربڵاوانە لەخۆ ناگرێت کە لە ناوچە جەنگییەکانی وەک ئۆکراین، غەززە، لوبنان، یەمەن و سودان لەدژی کچان ئەنجام دەدرێن. بێگومان لە هیچ کام لەم ناوچانە ئامارێکی ڕوون و دیاریکراو سەبارەت بەو ئازار و نەهامەتیانە بوونی نییە کە بەسەر کچەکاندا دەسەپێندرێت. بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی تەندروستی فەلەستین، ژمارەی کوژراوانی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە تا ١٠ی ئۆکتۆبر، جگە لە تەرمە جێماوەکانی ژێر داروپەردوو، گەیشتووەتە ٤٢ هەزار و ٦٥ کەس و ٩٧ هەزار و ٨٨٦ کەسیش بریندابوون. دوو لەسەر سێی ئەو قوربانیانە ژن و منداڵن، کە بە ئەنقەست و لەسەر بنەمای سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە کراونەتە ئامانج. تا ئێستا ئامارێکی دروست لە ژمارەی منداڵانی قوربانیی لەبەردەستدا نییە. لەبەر ئەوەی بەردەوام ئامارەکانیان لەگەڵ ژنانی گیانبەختکردوو ڕادەگەیەنرێت ڕۆژی ١ی مارس، کابینەکەی بایدن بۆ یەکەمجار ئامارێکی سەبارەت بە قوربانیانی دەستدرێژیی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆسەر غەززە بڵاوکردەوە. بەپێی ئەو ئامارە کە لەسەر زاری لۆید ئاستین وەزیری بەرگری ئەمریکاوە بڵاو کراوەتەوە، ئەرتەشی ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەرەوە تا بەرواری بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە، زیاتر لە ٢٥ هەزار ژن و منداڵی لە کەرتی غەززە کوشتووە. گەلێک ڕاپۆرتی ناخ هەژێن بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە شێوازی گیانلەدەستدانی منداڵانی غەززە و هەروەها ئەو منداڵانەی کە یەکێک لە دایک و باوکەکانیان یان هەردووکیان لەدەستداوە. ژمارەی ئەم منداڵانە ٢٠ هەزار کەس مەزەندە کراوە. ئەگەرچی هەندێک لە ڕێکخراوە چالاکەکانی بەهاناوەچوونی منداڵان لە غەززە، ژمارەی منداڵانی بێ سەرپەرشت تەنانەت بە ٥١ هەزار منداڵ دەخەمڵێنن. لە شەڕی ئۆکرایینیش دا، ژمارەیەکی زۆر منداڵان و لەوانە کچانیش بوونەتە قوربانی کە ژمارەیان نادیارە. ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەبەردەستدان زۆرتر ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە لەلایەن بەرپرسانی ڕووسیاوە بەمەبەستی ڕاهێنانیان گواستراونەتەوە بۆ ڕووسیا یان وڵاتی بێلاڕوس. هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ و سەربەخۆ لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا ئەو منداڵانە بە زۆر گواستراونەتەوە یان لەسەر ویستی خۆیان و بنەماڵەکانیان بووە. شەڕ جگە لە قوربانی بوون، ئەزموونی تاڵی بینینی مەرگی ئازیزان، وێرانی و بێبەشبوون لە خوێندن و عەشق و خۆشەویستی، بێ ئاسۆیی، برسێتی و نەخۆشی و زۆر شتی تری لەم چەشنەی بۆ منداڵان بەدیاری هێناوە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا، کچانی کەم تەمەنی بنەماڵە هەژارەکان، کچانی بێبەش لە خوێندن، کچانی کەم تەمەنی کار و سەر شەقام، لەگەڵ هەموو جۆرە ئازار و نەهامەتییەکی جەستەیی و دەروونی بەرەوڕوون. بوونی یاسا و ڕێسای کۆنەپەرستانە و دژە ژنی ئیسلامی و فەرهەنگی پیاوسالاری زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، کێشە و نەهامەتییەکانی ئەو کچانەی دوو هێندە کردووە و لەگەڵ مەترسیی کەوتنە داوی باندەکانی بازرگانی مرۆڤ و مادده هۆشبەرەکانیش بەرەوڕووی کردوونەوە. کچانی کەم تەمەنی بنەماڵە هەژار و کەم دەرامەتەکان، تەنانەت ئەگەر نەچنە ناو بازاڕی کاریشەوە، بەهۆی هەژاری بنەماڵەکانیانەوە، لە تەمەنێکی کەمدا بە پێچەوانەی ویستی خۆیان بە شوو دەدرێن. جگە لەو هەموو بێبەشی و ناعەدالەتیانە، لە ڕێژیمی ئیسلامیدا هاوسەرگیری کچانی تەمەن ٩ ساڵان بەپێی شەریعەت ڕێگەپێدراوە و سەرەڕای بوونی یاسایەکی جیاواز، دایک و باوکەکان دەتوانن کچانی تەمەن ٩ ساڵ و سەرووتر بە شوو بدەن. جگە لەم کێشەیەش، بەشێک لە هاوسەرگیرییەکانی کچانی ئێرانی و بەتایبەت کچانی کەم تەمەنی ئەفغانستانی، لە هیچ شوێنێک تۆمار ناکرێت و بەم هۆیەوە لەگەڵ ئازار و مەینەتیەکی زیاتر بەرەوڕوو دەبنەوە. ئەو کچە کەم تەمەنە بەشوو دراوانەی کە دەبنە دایک، لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی فرە ڕەهەند بەرەوڕوو دەبنەوە. بەپێی ئاماری ناوەندی زانیاریی ڕێکخراوی باری کەسێتی ڕێژیم، ساڵانە نزیکەی ١٥٠٠ بۆ دوو هەزار کۆرپە لە دایکانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ لە ئێران لەدایک دەبن. ئەو هاوسەرگیرییانەی کە هەلومەرجێکی شەرمەزارانەی لەم چەشنە بەسەر کچانی کەم تەمەندا دەسەپێنێت، لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان جۆرێکە لە دەستدرێژی بۆسەر منداڵان و بە کردەیەکی تاوانکارانە دادەنرێت، بەڵام ئەم تاوانە ئەمڕۆ لە کۆماری ئیسلامیدا، پرسێکی یاسایی و ئاساییە. ئەو ستەمە بنەڕەتییەی بەسەر منداڵانی کچدا دەسەپێندرێت، بەشێکە لە ستەمی چینایەتی لە کۆمەڵگا بۆرژوازییەکاندا و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر دەبێ وەک بەشێک لە ستەم لەسەر ژنان لەقەڵەم بدرێت. ئەم ستەمانە لە نیزامی سەرمایەدارییەوە سەرچاوە دەگرێ و تەنیا بە لەناوچوونی ئەو نیزامە، دەتوانرێ کۆتایی پێبێت، بەڵام نەهێشتنی بەشێک لەو ستەم و ئازارانە و هەروەها دەستەبەرکردنی بەشێک لە مافەکانی ژنان، هەر ئێستاش دەکرێ بەسەر دەوڵەتە سەرمایەدارییەکاندا بسەپێندرێت. دابینکردنی ئەو مافانەش بە خەباتی یەکگرتووانەی سەرجەم مرۆڤە شەریف و ئازادیخوازەکان مومکین دەبێت و پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەو مافانە هەوڵ بدرێت

****

# ڕۆژی خوێندکار، بە ڕەوایەتی شۆڕش و دژە شۆڕش

ئەمڕۆ یەکشەممە ١٣ی مانگی خەزەڵوەر، ڕۆژی خوێندکارە، ئەو ڕۆژەی کە پێشینەکەی بۆ مانگەکانی کۆتایی ڕژیمی پەهلەوی دەگەڕێتەوە. بەڵام ١٣ی خەزەڵوەر لە سەردەمی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، چەندین بۆنەی دیکەشی پەیدا کردووە، کە هەموویان ناوی خوێندکاریان لەسەر داندراوە. بەڵام جیاوازیی نێوان ئەو بۆنانەی کە بەناوی ڕۆژی خوێندکار، لە ڕۆژی ١٣ی مانگی خەزەڵوەردا بەڕێوەدەچێت، لەڕاستیدا، جیاوازیی نێوان ڕیزی شۆڕش و دژە شۆڕشە لە ئێران بۆنەی یەکەم: ڕۆژی ١٣ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و لە سەروبەندی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵك، ژمارەیەك لە خوێندکاران لە حەساری زانکۆی تاران کۆبوونەوە و وێڕای دانشجووەکانی زانکۆ دەستیاندایە خۆپیشاندان. هێزە نیزامییەکانی دەوڵەتی "شەریف ئیمامی" بەرەوڕووی خۆپیشاندەران تەقەیان کرد و بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران گیانیان لەدەستدا. دەوڵەتی شەریف ئیمامی کە هەمان ساڵ لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانان لە مەیدانی ژاڵە کوشتارێکی خوێناویی وەڕێخستبوو، ڕۆژێك دوای کوشتنی خوێندکاران لە زانکۆی تاران، لەسەر کار لاچوو. پاش ڕووداوی خوێناوی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٧، ئەو ڕۆژە بە ناوی "خوێندکار" پێناسە کرا بۆنەی دووهەم: یەك ساڵ دواتر پاش کارەساتی خوێناویی زانکۆی تاران، ڕێك لە وەها ڕۆژێکدا لە هەوڵێکی ڕێکخراو لە لایەن حیزبوڵڵاییەکانی پەیڕەوی خومەینی، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران داگیرکرا و ٥٢ دیپلۆمات و کارمەندی باڵوێزخانەکە بە بارمتە گیران. ڕێکخەرانی نمایشی فریوکارانەی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، بەو کردەوەی خۆیان کە نزیك بە ساڵ و نیوێکی خایاند، باڵوێزخانەی داگیرکراوی ئەمریکایان کرد بە ناوەندی ڕاگەیاندنی سیاسەتی دەسەڵاتی دژە شۆڕشی بەرپرسانی ڕژیم. داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا کە لە بنەڕەتدا بە فەرمانی خومەینی بەڕێوەچووبوو، بەهۆی ئەوەیکە دەور و نەخشێکی گرینگی لە پاشەکشە پێکردن بە ڕەوتە چەپ و ڕادیکاڵەکان و سەرکوتی شۆڕش هەبوو، خۆمەینی ناوی "شۆڕشی دووهەمی" لەسەر دانا. بەڵام لە ڕاستیدا شۆڕشی دووهەم جگە لە درێژەی سەرکوتی شۆڕشی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران لە لایەن کۆنەپەرستانی ئیسلامییەوە، شتێکیتر نەبوو. درووشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا" کە لەو ڕۆژەوە زیاتر کەوتە سەر زاری حیزبوڵڵاییەکان، بوو بە بیانوویەك بۆ کپ کردنی دەنگی هەموو نەیاران. لەو ڕۆژە بەولاوە، دار و دەستەی هاندراوی حیزبوڵڵا کەوتنە گیانی کۆمۆنیستەکان و هەموو ئینسانە ئازادیخواز و سکۆلارەکان و دەستیان کرد بە ئەزیەت و ئازار و کوشتن و برین. ئەم ڕووداوە دەستپێکی سەرکوتی شۆڕشی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران لە لایەن دەسەڵاتی کۆنەپەرستی زاڵەوە بوو. شۆڕشێك کە ڕژیمی شا نەیتوانیبوو سەرکوتی بکات، پاش ڕووداوی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، سەرکوتەکەی بە شێوازێکی وەحشیانەتر لە لایەن ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتۆوە بەڕێوەچوو. زۆرێك لە ڕێکخەرانی ئەو سەردەمی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، دواتر بوون بە دامەزرێنەرانی سپای پاسداران و دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕژیم و ئەشکەنجەگەر و زیندانبان بۆنەی سێهەم: لە ١٣ی مانگی خەزەڵوەری ١٣٨٨ی هەتاویدا کە نزیك بە پێنج مانگ لە ڕاگەیاندنی ئاکامی ١٠مین دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری تێپەڕ ببوو، بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی خوێندکار، خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوەچوو کە لە ڕاستیدا نارەزایەتییەك بوو دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بە دەسەڵات گەیشتنی ئەحمەدی نەژاد لە ڕێگەی ساختەکاریی بەرینی هەڵبژاردنەوە. ئەگەرچی ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆنی دوورخراوە لە دەسەڵات، هەوڵی دەدا کە لاوان لە هەرجۆرە حەرەکەتێك دژ بەتەواوەتی ڕژیمی ئیسلامی بەدوور ڕابگرن، بەڵام لاوان بە درووشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" دەستپێشخەری و هیدایەتی ئەم خۆپیشاندانەیان بەدەستەوە گرت بۆنەی چوارەم، ڕۆژی بەسیجی دانش ئامووزی: کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕۆژەی بەیادی منداڵێکی قوربانی بەناوی "حسێن فەهمیدە"، ناو لێناوە. فەرماندەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە ڕۆژی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ٥٩ی هەتاویدا، ئەم منداڵە قوتابییەیان، لە عەمەلیاتێکی خۆکوژیدا، لە حاڵێکدا کە نارنجۆکیان بە نێوقەدییەوە بەستبوو، ناردە ژێر تانکە عێراقییەکانەوە. ئەم منداڵە بێ تاوانە، کە لە کاتی تیکە تیکە بوونیدا، لە "کوتی شێخ"، لەوبەری ڕووباری خوڕەمشار، تەمەنی تەنیا ١٣ ساڵ بوو، پێش قەڕەوڵی ئەو ٣٦ هەزار قوتابییە بوو کە دواتر لە لایەن سەرانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی وەك خاوێنکەرەوەی مەیدانەکانی مین و لە ئۆپراسیۆنی هاوشێوەدا، لە شەڕی ئێران و عێراقدا کرانە قوربانی. لە بەرامبەر هەوڵەکانی ڕژیم بۆ بەرینتر کردنەوەی سازمانی بەسیجی دانش ئامووزی و بەکار هێنانی ئەوان بەئامانجی پۆلیسی کردنی ناوەندەکانی فێرکردن، ئەمڕۆ بە هیمەتی خوێندکارانی پێشڕەو و خەباتکار و موعەلیمانی ئازادیخواز، پڕۆژەی بەسیجی دانش ئاموزی، لە سازمانێکی فۆرماڵ بۆ ڕاکێشانی قوتابییان بەرەو نمایشەکانی سەرشەقامی ڕژیم، زیاتر نییە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا، لە پێناو وەدی هێنانی ئامانج و پڕۆژەکانی خۆی لەناو خوێندکارانی ئێراندا، بەردەوام هەوڵی داوە تا بە بەڕێوەبردنی بەرنامەی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ناوەندەکانی فێرکردن، بە گۆڕینی ناوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان و لابردنی هێندێك لە دەرسەکانی زانستی مرۆیی لە زانکۆکان، بە ناردنی ئاخوند و پاسدار بۆ مەدرەسەکان، بە پادگانی کردنی مەدرەسە و زانکۆکان و بە خولقاندنی هەمووجۆرە بەربەستێکی ئەخلاقی، لاوان ناچار بە ملکەچی و بێدەنگ بوون بکات. بەڵام لاوانی ئێران لە زانکۆ و مەدرەسەکان و لە دەرەوەی ئەم ناوەندانە، بە خەباتی شکۆداری خۆیان، بەردەوام یەکێك لە سەنگەرەکانی موقاوەمەت لە بەرامبەر کۆنەپەرستیی کۆماری ئسلامی بوون و ئەم سیاسەتانەی ڕژیم بێ ئاکام ماونەتەوە. یەکێک لە درەوشاوەترین مەیدانەکانی حزووری پڕ جۆش و خرۆشی خوێندکاران بریتی بوو لە شۆڕشی ژینا، واتە شۆڕشی ژنان، ژیان، ئازادی. لە ڕەوتی ئەم شۆڕشەدا، دەیان خوێندکاری تازەلاوی، کچ و کوڕ، لە بەرامبەر کۆنەپەرستیی زاڵدا سنگی خۆیان کردە قەڵغان و گیانیان لەدەستدا و سەدان کەسیشیان بریندار بوون، هەزاران خوێندکار کەوتنە زیندان و ئەشکەنجە کران. نوێترین قوربانی ئەم جینایەتە، بریتی بوو لە میترا گراوەند کە بەهۆی تووڕهەڵدانی حیجابی ئیجباری کەوتە داوی شەمشەمە کوێرەکانی ڕێژیم و گیانی لەدەستدا. وەک بڵێی هەموو ئەو جینایەتانە بەس نەبوویێتن، بەپێی پلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بەمەبەستی چاوترسێن کردنی قوتابییان، لە سەدان مەدرەسەی ئێران دەستیاندایە ژەهراویکردنی خوێندکارانی کچ. بەڵام هیچکام لەم کردەوە جینایەتکارانە سەرکەوتوو نەبوون و خەبات و خۆڕاگریی لاوانی ئێران لە بەرامبەر ئەو ڕێگا و میتۆدانەی کە ڕژیمی ئیسلامی دەیەوێت بەزۆر بەسەر خەڵکی ئێرانیدا بسەپێنێ، هەروا بەردەوامە و تادێت زیاتر پەرەدەستێنێ بەدەر لە هەوڵەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ زەوت کردنی بۆنەی ڕۆژی خوێندکار، ١٣ی مانگی خەزەڵوەر بۆ قوتابییان و خوێندکارانی خەباتکار، وەبیرهێنەرەوەی گیان فیدایی ئازیزانێکە کە لە بەرامبەر هەر دوو ڕژیمە کۆنەپەرستەکانی ئیسلامی و پاشایەتی دا، سینگیان کردە قەڵغان و شان بە شانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، دژبە کۆنەپەرستیی زاڵ و لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادیدا، گیانبازییان نواند

****

# لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا دەبێ مندالان و گەنجانی داهێنەر و سەربەخۆ بار بێن

ڕۆژنامەی شەرق ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە شێوازی وەرگرتنی خوێندکار-مامۆستا و خوازیارانی دامەزراندن لە بواری پەروەردەدا بڵاوکردووەتەوە کە کۆمەڵێک ڕاستی ئاشکرا دەکات. بەشێک لە خوێندکاران و خوازیارانی تاقیکردنەوەی دامەزراندن، باسیان لەوە کردووە کە ئەوان بەکۆمەڵێک هۆکاری ناپیشەیی وەک خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفی، چۆنیەتی پۆشینی جل و بەرگ، هەبوونی سمێڵ، نینۆک ڕەنگ کردن، پەیوەندی لەگەڵ هاوپۆلی کچ یا کوڕ. نەپۆشینی چارشێو لە ڕۆژی تاقیکردنەوەکان، دیاربوونی قژیان، لایککردنی پەیجی ئینستاگرام و بەشدارینەکردن لە ڕێپێوانە دەوڵەتییەکاندا، لە خوێندن یان وەرگیرانیان وەک مامۆستا بێبەش کراون. لە ڕاپۆرتەکەدا چەند نموونەی دیاریکراو خراوەتەڕوو. یەکێک لە خوازیارانی دامەزراندن ئاماژە بە کۆدی ١٩ی وەرگرتن دەکات و دەڵێت: "کۆدی ١٩ تایبەتە بە پرسە سیاسییەکان، چۆنیەتی پۆشینی جل و بەرگ، حیجاب، بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکان و لایککردنی پەیجی ئینستاگرام". زۆرێک لەو کەسانە دەڵێن کە بەهۆی کۆدی ١٩ەوە ڕەتکراونەتەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا بەمجۆرە باس لە یەکێک لەو کەسانە دەکات کە ڕەتکراوەتەوە: یەکێک لە خوێندکارەکان شێوازی جل و بەرگی تایبەتی خۆی هەبوو و کەسێکی زۆر دینداریش بوو. لە کاتی وەرگرتن پێی دەڵێن تۆ مارکسیستی. خوێندکارەکە داوایان لێدەکات هۆکارەکەی بۆ ڕوون بکەنەوە. لە وەڵامدا پێی دەڵێن بەهۆی ئەو جۆرە سمێڵەی کە داتناوە، پێمانوایە تۆ سیمایەکی مارکسیستیت هەیە. یەکێک لە کچەکان بەو هۆیەوە ڕەتکرایەوە کە جارێکیان لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی زانکۆ لە کەمپی کچانەوە چوبوو بۆ کەمپی کوڕان. جگە لە هەموو ئەمانە، شتێکی زۆر سەیر لەم بابەتەوە. بریتییە لە پرسی کتێب خوێندنەوەی یەکێک لە خوێندکارەکان. بەشی وەرگرتن یەکێک لە خوێندکارەکانی خەڵکی ئیسفەهان بانگ دەکات و پێی دەڵێن، پێیانراگەیاندووین کە تۆ کتێبی فەلسەفی دەخوێنێتەوە. خوێندکارەکەش لە وەڵامدا دەڵێ، ئەم کتێبانە لەناوخۆی وڵاتدا چاپ دەکرێن و مۆڵەتی وەزارەتی ئیرشادیان لەسەرە. ئەوان دەڵێن زۆر خوێندنەوە وا لە مرۆڤ دەکات کە جۆرێکی دیکە بیربکاتەوە، بە باوەڕی ئێمە ئەو کەسانەی کە زۆر کتێب دەخوێننەوە کێشەی دەروونییان هەیە. سەرەنجام خوێندکارەکە دەردەکەن و لە پەروەندەکەیدا دەنووسن کە کێشەی دەروونی هەیە. ئەم شێوە هەڵسوکەوتە لە کاتێکدایە کە بڕیار بوو پرۆسەی دامەزراندن خێراتر بکرێت، چونکە بەشەکانی پەروەردە لەگەڵ کەمیی لانیکەم ١٧٦ هەزار مامۆستا بەرەوڕوو بوونەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن وانە بە زیاتر لە ١٦ ملیۆن و نیو قوتابی بڵێنەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ئیسنا کە مانگی پووشپەڕی ئەمساڵ بڵاوکرابووەوە، تا مانگی ڕەزبەر ٧٢ هەزار مامۆستا خانەنشین دەبن. جگە لەوەش پێویستە ئاماژە بە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر، بەڵام نادیار لەو مامۆستا لێهاتوو، پێشڕەو و بوێرانەش بکەین کە بەهۆی بەشداریکردن و پشتگیریکردن لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا، یان تەنانەت بەهۆی دانانی پۆستێک لە ئینستاگرام، لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە. نوێنەری مهاباد لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠٢دا بە ماڵپەڕی هەواڵی دیدبانی وتبوو، بە پێی ئەو ئامارانەی کە بە دەستمان گەیشتووە، لە کاتی هاتنەسەرکاری "سەحرایی" وەزیری پەروەردەوە، نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ هەزار بەڕێوەبەری قوتابخانە بە هۆکاری سیاسی و ئایینی لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە ئەم دەرکردنانە کە هەرهێشتاش بەردەوامن، لە ژێر ناوی "پاککردنەوە"دا بەڕێوە چوون و تەنیا بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەگرێتەوە. بەڵام مۆرتەزا نەزەری، بەرپرسی پێشووی ناوەندی زانیاری وەزارەتی پەروەردە، ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی پووشپەڕ، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئیعتیماد"، باسی لە دەرکردن و سزادانی ٢٠ هەزار بەڕێوەبەری قوتابخانە، لە دەوڵەتی سێزدەیەمدا کرد. وەزارەتی پەروەردە بە زیاتر لە یەک ملیۆن مامۆستا و کارمەندی ئیداری، گەورەترین دەزگای جێبەجێکاری کۆماری ئیسلامییە. لە نێو هێزی لەسەرکار و خانەنشینانی ئەم دەزگا پان و بەرینەدا، کۆمەڵێک هێزی پێشڕەو و بوێر و تێکۆشەر بوونیان هەیە. ئەم هێزە یەکێکە لە ڕێکخراوترین خەباتکارانی پێشکەوتنخواز کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕادیکاڵیزەکردنی بزووتنەوەی دێموکراتیکی وڵات هەبووە. جگە لە بەدەنەی ئەم وەزارەتخانەیە، باقی ئەم ئۆرگانە مافیاییە، گەندەڵ، ناکارامە و سەرکوتگەر و خاوەن تاقمێک بەرپرسی باڵایە کە نەزانی و دواکەوتوویی، تەنیا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانیان. ئەوەی کە لێرەدا ئاماژەی پێکرا، تەنیا گۆشەیەکی بچووک لە تایبەتمەندییەکانی وەزارەتی پەروەردە نیشان دەدات. لە ڕاستیدا ئەم وەزارەتخانەیە ئاوێنەی باڵانوێنی کۆماری سەرمایەداریی ئیسلامییە و دەبێ لەگەڵ ئەودا لەگۆڕ بنرێت. بەڵام لەم بارودۆخەی ئێستاشدا دەتوانرێت کۆمەڵێک ویست و داواکاریی بەسەریدا بسەپێندرێت. بەر لە هەرشتێک پێویستە خوێندن بە مانای ڕاستەقینەی وشە، بۆ هەموو چین و توێژەکان ناچاری و بێبەرامبەر بێ و هەروەها لە قوتابخانەکاندا خواردنی بەیانی و نیوەڕۆ بۆ منداڵان دابین بکرێت. دەبێ سەرجەم قوتابخانەکان و فەزای پەروەردەیی، لە بوونی سیخوڕ و بەسیجی و ئاخووند و هێزە ئەمنییەکان پاک بکرێنەوە. پەروەردە بە تەواوی لە ئایین جیابکرێتەوە و تەنیا زانستە ئەمڕۆییەکانی جیهان ببنە سەرچاوە و ناوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان. دەبێ ناوەندە پەروەردەییەکان لێوانلێو بن لە سۆز. بەهرە و تواناییەکان، داهێنانەکان، لێکۆڵەریی و کەسایەتییە سەربەخۆکان تێیدا گەشە بکات. ناوەندە پەروەردەییەکان دەبێ ببنە شوێنی بارهێنان و پەروەردەکردنی منداڵان و گەنجانی خاوەن بڕوا بەخۆ و دوور لە خوڕافاتی ئایینی و نەریتە ڕزیوەکان

****

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 455-November 2024

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## چەکداماڵینی ڕاستەقینە تەنیا بە لەناوچوونی سیستەمی سەرمایەداری مومکین دەبێت

بەپێی ساڵنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو ساڵێک لە ٢٤ بۆ ٣٠ی ئۆکتۆبەر وەک هەفتەی جیهانی داماڵینی چەک، کۆمەڵێک ڕێوڕەسم سەبارەت بە زیانەکانی شەڕ بەڕێوەدەچن. ئەم هەفتەیە، ساڵی ١٩٧٨ لە کۆبوونەوەی تایبەت بە داماڵینی چەک لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریکرا. ئامانجی سەرەتایی پێنج ئەندامی سەرەکی ئەنجوومەنی ئاسایش کە خۆیان خاوەنی جبەخانەی ئەتۆمین، لە دانانی ئەم هەفتەیە و ڕێکخستنی بناغەکانی تری چەکداماڵین، وەک پەیماننامەی تایبەت بە چەکە تەقلیدییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە بوون بە خاوەن چەکی ئەتۆمی و بەهێزبوونی دەوڵەتانی دیکە. ئەوان لە هەمان کاتدا سەرەڕای ئەو خەبات و نارەزایەتییە بەربڵاوانەی کە لە دوای بۆردومانی ئەتۆمی هیرۆشیما و ناگازاکی لە ژاپۆن لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە و هەروەها لە ساڵەکانی دەیەی پەنجا و شەستی زایینی لە ئاستێکی جەماوەریدا، لەدژی بۆمبی ئەتۆمی و بەمەبەستی لەناوبردنیان لە ئارادا بوو، لەسەر بەستێنی شەڕی سارد، یارمەتی ئیسرائیل، کۆریای باکوور، هیندستان و پاکستانیشیان دا بۆ ئەوەی بچنە ناو ڕیزی وڵاتانی خاوەن چەکی ئەتۆمییەوە. ئێستا دەوڵەتەکانی خاوەن چەکی ئەتۆمی و لە سەروویانەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە زیادکردنی بودجەی ناوەکی، توانایی ئەوەیان هەیە پێنج جار، ئیمکانی ژیان لەسەر گۆی زەوی لەناوببەن. هەر ئێستا کە شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکراین لە ئارادایە، ڕووسیا و ناتۆ گەلێک جار هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لەدژی یەکتر دەکەن و جیهانیان زۆر نیگەران کردووە

بەڵام بەرپرسانی دەوڵەتەکان لە کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە پێشەوەی ئەوان، وڵاتانی خاوەن مافی ڤیتۆ و چەکی ئەتۆمی، لە زۆر ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی چەکدا، چەکی شیمیائی، چەکی سووتێنەری وەک ( فسفۆری سپی )، مینەکان، چەکی لەیزەری کوێرکەر، تەڵەی تەقینەوە و ئامرازە هاوشێوەکانی تریان مەنع کردووە، بەڵام جێبەجێی ناکەن. ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە دارستانەکانی ڤیەتنامی باکووری ئەوکات، بە شێوەیەکی بەربڵاو بۆمبی سووتێنەری بەکارهێنا بە بیانووی لەناوبردنی پەناگەی ڤێتکۆنگەکان و دانیشتوانی گوندەکانی ناو دارستانەکانی، کۆمەڵکوژ و بریندار و ئاوارە کرد. هەروەها لە شەڕی نێوان ئێران و عێراق و شەڕی نیزامیانی دەسەڵاتدار لە میانمار لەدژی موسڵمانەکان، بە شێوەیەکی بەربڵاو چەکی شیمیائی بەکارهێنرا. ئێستا کە شەڕی نێوان ڕووسیا و ناتۆ لە ئۆکراین بەردەوامە و دەوڵەتی ئیسرائیلیش جینۆسایدی غەززەی توندتر کردووە، لە دۆخێکدا کە ئاگری شەڕی نێوان ڕکابەرەکان لە سودان و کوشتاری ژنان و پیاوان و منداڵانی بێ دیفاع لە ئارادایە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ کارێکی لەدەست نایەت. هاوکات کە ئیمپریالیستە ڕۆژئاواییەکان پاساو و هۆکاری سیاسیی و ئابووریی گرنگیان هەیە بۆ بەردەوامیی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاکتاوکردنی خەڵکی فەلەستین و لوبنان، کۆمپانیا زەبەلاحەکان و کارگەکانی بەرهەمهێنەری چەک و چۆڵیان قازانجێکی زۆر و زەوەند بەدەست دەهێنن و بەرتیلی گەورە بە سیاسەتمەدارە شەڕخوازەکان دەدەن

هەربۆیە ئێستا جیهان زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە بەردەم هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورەی تردایە، وڵاتە جۆراوجۆرەکان لە هەوڵی بەهێزکردنی توانایی نیزامیی خۆیاندان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چەک و چۆڵ گرنگییەکی زیاتریان پەیدا کردووە. لە سەرەتای شەڕی ئۆکراین و دواتریش شەڕی غەززە و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خواستی وڵاتان بۆ دابینکردنی چەکی جۆراوجۆر، زیاتر بووە. بەپێی ڕاپۆرتێکی نوێ، لە کاتی هێرشی ڕووسیاوە بۆسەر ئوکراین، حەوت کۆمپانیای گەورەی بەرهەمهێنانی چەک لە ئورووپا و هەروەها شیرکەتە بەرهەمهێنەرەکانی چەک لە ئەمریکا، سوودێکی زۆریان بەدەستهێناوە. بەهای بازاڕی کۆمپانیا سەرەکییەکانی بەرهەمهێنەرانی چەک و کەرەستەی سەربازی لە ئەمریکا و ئورووپا لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا و بەهۆی شەڕی ئوکراین و غەززەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. یۆرۆنیوز ڕایگەیاند: بەپێی توێژینەوەیەک کە لەلایەن دامەزراوەی ڕاوێژکاری دارایی و ستراتیژی (ئێکیۆرسی)یەوە ئەنجامدراوە، بەرهەمی حەوت کۆمپانیای سەرەکی ئەمریکا لەم پیشەسازییەدا و هەروەها هاوتا ئوروپاییەکانی، لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی ئوکراینەوە، نزیکەی ٦٠٪ زیادی کردووە. هیچ پەیماننامە و ڕێوڕەسمێک لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەو شەڕانە و پەرەسەندنیان بکات. چونکە ئەو شەڕانە لەپێناو دەستەبەربوونی بەرژەوەندیی وڵاتە ئیمپریالیستی و سەرمایەدارییە گەورەکاندا دروست بوون، کە خۆیان بەسەر چارەنووسی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا زاڵن. ئەم شەڕانە ئاکامی قەیرانی پێکهاتەیی سیستەمی سەرمایەدارین و هیچ ئاوات و ئارەزوویەکی ڕواڵەتی یان ڕاستەقینەی سیاسەتوانان و بیرمەندانی بۆرژوازی، بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی دوور لە شەڕ و لێوانلێو لە ئاشتی لەم سیستەمەدا، نایەتەدی. ئەم ئاواتە تەنیا کاتێک دێتەدی کە سیستەمی سەرمایەداری وەک سەرچاوە و هاولفی شەڕ، لەناو بچێت و حکوومەتێکی سۆسیالیستی جێگەی بگرێتەوە. تەنیا کرێکاران و سۆسیالیستەکانی ڕێکخراو لەناو حیزبێکی ڕووناکبین، خاوەن دیسپلین و پشتبەستوو بە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی دەتوانن، لە ڕێگەی قەناعەت پێکردنەوە، هەژموونی جەماوەریی بەدەست بهێنن و لە ڕێگەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییەوە ئەم سیستەمەی ئێستا بڕوخێنن و سیستەمێکی سۆسیالیستی دابمەزرێنن. لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا چیتر پێویست بە ڕاگەیاندنی هەفتەی بێ بنەمای چەکداماڵین ناکات

****

دواستون

## ژنکوژی و پێویستیی ئاوڕدانەوە لەم کارەساتە

بە درێژایی مێژوویی مرۆڤایەتی و دوای هاتنە ئارای ئایینە جۆراوجۆرەکان، هەموویان بەربەست و لەمپەر بوون لەبەردەم ماف و ئازادی ژناندا، چونکە دەقە ئایینییەکان لە لایەن پیاوان و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی کۆمەڵگەی چینایەتیدا نووسراونەتەوە. ئەم ئایینانە هەردەم ئامرازێک بوون بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و سەرکوتی ژنان و تا بە هەنووکەش ئەو ڕەوتە هەروا بەردەوامە. هەر وەک دەزانین بە بێ جیاوازی هەموو ئایینەکان تەژین لە سووکایەتی و بێ مافی بە دژی ژنان، بەڵام لەو نێوە دا ئایینی ئیسلام توندوتیژترین و نامرۆڤانەترین یاساکانی بە دژی ژنان هێناوەتە ئاراوە و تا سەر ئێسقان دژ بە ئازادی و مافی ژنانە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕژێمە سەدەناوەڕاستییەوە، بە دژی ژنان شمشێری لە ڕوو بەست و هەموو هەوڵی دەسەڵاتەکەی وەگەڕ خست تا ژنان لە پڕۆسەی سیاسی و ئابووریی دوور بخاتەوە. ژنان لەلایەن دەسەڵاتی سەرکوتگەرەوە تەنانەت مافی پۆششیشیان لێ زەوتکرا و حیجابی زۆرەملییان بەسەردا سەپێنرا. مافی شارۆمەندی و سەرپەڕەشتی بنەماڵە و مافی سەرپەرەشتی منداڵ، مافی تەڵاق، مافی هەڵبژاردنی هاوسەر و سەرجەم مافە ڕەواکانی مرۆڤ لە ژنان زەوتکراو و ژن وەک مرۆڤێکی پلە دوو و ملکی پیاو پێناسە کرا. سەرەڕای هەموو ئەو بێ مافیانە، کۆماری ئیسلامی کوشتنی ژنان و بەردباران و توندوتیژیی لەلایەن دەسەڵات و خەڵکەوە، بە یاسایی کرد و لە هیچ کردەوەیەکی قیزەون و جینایەتکارانە بە دژی ژنان نەپرینگاوە زوڵم و ستەمی سەر ژنانی ئەم وڵاتە دیاردەیەکی زۆر بەئازارە. ڕۆژنامەی ئیعتماد ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٣ ڕاپۆرتێکی ناخ هەژێنی سەبارەت بە کارەساتی ژنکوژی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا بڵاو کردەوە. ئەم ڕاپۆرتە باس لەوە دەکات کە لە ٦ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لانیکەم ٧٨ ژن و کچ لە سەرتاسەری ئێران لە لایەن پیاوانی نزیک لە خۆیانەوە کوژراون. ئەم ڕاپۆرتە دەریدەخات کە ئەم کوشتنانە لە زۆربەی شارەکانی ئێران ڕوویانداوە و تەنیا شار و پارێزگایەکی دیاریکراو لەخۆ ناگرێت. گومان لەوەدا نییە کە ئامارە ڕاستەقینەکان گەلێک لەوە زیاتر و هەژێنەرترن چونکە هەواڵی کوشتنی ژنان و کچان بە پاساوی شەرەف یان ناکۆکی بنەماڵەوە، زۆرکات لە میدیاکانەوە بڵاوناکرێتەوە. پێویستە ئەو ژن و کچانەش کە لەژێر گوشارەکانی کۆمەڵگەی پیاوسالاری و یاسا و ڕێسای کۆنەپەرستانەی ڕێژیمی ئیسلامیدا خۆیان دەکوژن، بەم ئامارەوە زیاد بکرێن. بوارپێدان بە کوشتنی ژنان لە لایەن کەسوکارەکانیانەوە و هەروەها خۆکوشتنی ژنان، بە کردەوە بەشێکە لە توندوتیژترین شێوەکانی سەرکوتی جینایەتکارانە کە لەلایەن ئایدۆلۆژیای دژە ژنی فاشیزمی ئایینی دەسەڵاتدارەوە، لە دژی ژنانی ئێران پاڵپشتی دەکرێت. ئەوەی کە ڕون و ئاشکرایە، تا ڕێژیمی سەرمایەداریی ئیسلامی دەسەڵاتدار بێت، دیاردەی ژن کوشتن و توندوتیژی و سەرکوت لەدژی ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ، لەمڕووەوە پێویستە هەڵسووڕاوانی ئازادیخواز و بەشداربووانی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»، خەباتی خۆیان لەپێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی وەک ڕێگە خۆشکردن بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی مرۆڤتەوەر، واتە دامەزرانی سیستەمێکی سۆسیالیستی کە تیایدا نەک هەر یەکسانی یاسایی، بەڵکوو یەکسانی ڕاستەقینەی نێوان ژنان و پیاوان و سەرجەم دانیشتوانی کۆمەڵگا، دەستەبەر بکرێت، پەرەپێبدەن. گومان لەوەدا نییە کە تەنیا دەسەڵاتی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەسەر کۆمەڵگادا و تێپەڕبوون لە پەیوەندییە ئابووریی - کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەدارییە کە دەتوانێت ئامرازە پێویستەکانی گەیشتن بەم یەکسانییە یاسایی و ڕاستەقینەیە، دابین بکات

****